دەستی پەروەردگار

٣

حبیب محمد سعید

دەستی پەروەردگار

(٣)

حبیب محمد سعید

چاپخانەی (الارشاد) لە بەغدا
سالی ١٤٠٦ی کۆچیی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد الاولين والآخرين وعلى آله وصحبه أجمعين ..

خوای گەورە راستیی و پاکیی ئەوێ ، بۆیە ئاینی پیرۆزی کە ناردووە بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە بەرزەیە راستکردنەوەی بیروهەستی ئادەمیزاد و پاککردنەوەی دڵ ، مێشکی تابتوانێ و بزانێ بە تەواوەتیی و رێک و یەکیی خوای پەروەردگار بپەرستێ ..

ئەوانەی بە راستیی و بە پاکیی خوا ئەپەرستن ، ئەوانە دەستی خوایان لەگەڵە .. خوا کۆمەك و پشتیوانیانە .. بەڵام ئەوانەی لا ئەدەن و لە فەرمانەکانی ئاینی ئیسلام یاخیی ئەبن ، بە مسۆگەریی تۆڵەیان لێ ئەسەنرێ و ئەبنە پەند بۆ کەسانی تر ، ئیتر زوو بێت یا درەنگ ..

نامیلکەی ئەمجارەمان لە چوار چیرۆك پێك هاتووە

و لـه سەرچاوەی چیرۆکەکانی تردوه بە دەست کاریەوە وەر گیراون جگە لە چوارەمیان کە لە گۆڤاری « التربیة الاسلامیة » ژمارە/٥ ی سالی/١١ وەرگیراوە ..

داواکارین لـە خـوای گەورە یارمەتیی کۆمەلی ئیماندار بدات تـا بە ریك و پێکیی فەرمانەکانی جـێ بەجێ بکات و سەربەرزی دنیاو قیامەت بێت ..

دەستی پەروەردگار

(٦)

هەق بە هەق

(١)

هەر تەنها ئامۆژگاریەکانی ئیسلامن وا لە مرۆڤ ئەکەن خۆی و کۆمەڵەکەی پاك راگیر کات .. هەر رێك حەزی لە شەرەف و نامووسیەی پارێزراو بێت ، وەهایش حەز بکا شەرەف و نامووسی خەڵکیی تر بپارێزێت .. ئەمە سروشتی ئادەمیزادە ، ئەگەر بە بەرەڵلایی و بێ ئابڕوویی گۆش نەکرێ و بە شەروال‌پیسی بەنج نەکرێ ، ئەوا یەکەم ئاواتی ژیانی پاراستنی شەرەف و ئابڕووە .. ئەو تاجەی شانازیی پێوە بکات بیخاتە سەر سەری تاجی حەیایە .. خوای گەورەش بۆ ئەمە یاسایەکی جوانی نەخشە کێشاوە .. یاسای « تۆڵە بە وێنە » .. ئەمەش ئەوپەڕی داد پەروەریە .. چونکە دەستدرێژیی شەرەف کارێکی زۆر قورسە و بەهیچی تر ناگۆڕرێتەوە .. تا هەرکەس حەزی لە شەرەفی خۆیەتی ، شەرەفی خەڵکیی بپارێزێ .. وە ئەوەش جڵەوی بەرەڵایی و بێ

ئابڕۆویی خۆی شل ئەکا بە هەمان شێوە تۆڵـەی لـێ بکریتـەوە ..

بازرگـانیـکی گـەورە بوو .. لـە نێـوان عیراق و سووریە دا بازرگانیی ئەکرد .. لـەعیراقـەوە دانەوێڵەی ئەبرد بۆ سووریە و ئەیفرۆشت و لەوێیشەوە صابوون و قوماشی ئەهێنا بۆ عیراق .. ئەمە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم بوو کە هێشتا شەمەندەفەر و ئۆتومبێـل لـە وڵاتی ڕۆژهەڵاتـا نەکەوتبوونە کـار ..

لـە راستیدا پیاوێکی ڕەوشتبەرزی موسـڵمانی خواناس بوو .. ڕەفتاری ڕۆژانەی ڕەفتاری موسڵمانێکی دەوڵەمەند بوو و سامانی ئەم جیهانەی کردبووە پرد بۆ ڕۆژی قیامـەت . وە هـەموو سـاڵێـك زەکاتـی ماڵ و سامانەکەی دەر ئەکـرد و بـە شـێوەیەکی شـەرعیی ئەیبەخشییەوە . لەو خێر و بێرەی خوا رژاندبووی بە سەریـا بەشی هەژاران و بێنەوایانی ئەدا .. پێویستیی خەڵکیی جێبەجێ ئەکرد .. هەتـا لـە توانایـا بوایـە

کەسی جواب نەئەکرد •• دلی کەسی نەئەشکاند •• بە دەروونێکی فراوانەوە ئەیوت

« زەکاتی سامان لە سامان ئەدرێت و زەکاتی پایە و مەقامیش بە جێبەجێکردنی پێویستیی خەلکیی » •

ئەو گەڕەکەی ئەو تیایا ئەژیا دلیان زۆر پێی ئەکرایەوە •• چونکە بە راستیی نموونەی موسلمان بوو •• هەرکەسێ لە گەڕەکەکەیا نەخۆش بوایە ، بۆی بکرایە هەموو رۆژێ سەری لێ ئەدا •• لەنزیك مالەکەیدا مزگەوتێکی بچووك هەبوو کە نوێژی شێوان وخەوتنانی بە جەماعەت تیا ئەکرد••هەر دراوسێیەکی لە نوێژ دوا بکەوتایە ، خێرا هەوالی ئەپرسیی ، خۆ ئەگەر هۆی دواکەوتنەکەی نەخۆشیی بوایە سەری لێ ئەدا و دلخۆشیی ئەدایەوە و پێویستیی جێبەجێ ئەکرد •• وە ئەگەر پارەی پێویست بوایە ، دەستی یارمەتیی بۆ درێژ ئەکرد ، وە ئەگەر لە سەفەر بوایە ، سەرۆکاریی مال و منالەکەی ئەکرد هەتا ئەگەڕایەوە ••

ئیسلام زۆر بەرزە •• بە راستیی پیاو دروست

ئەكات •• ئەوانەی بە دڵ لێ ئەبڕێن بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ، ئەبنە مرۆڤێك هەموو کەسێك ـ چ موسلمان و چ ناموسڵمان ـ شانازیان پێوە بکات •• بە راستیی ئەبە ئەستێرەیەکی گەشی پرشنگدار لە ئاسۆی بەختیاریدا ••

ئەم پیاوە موسڵمانە کوڕ و کچێکی هەبوو کە هەردووکیان گەیشتبوونە تەمەنی لاویی ••

رۆژێك لە رۆژان ، باوکەکە بانگی کردە کوڕە تاقانەکەی و فەرمانی بە سەرا دا تا سەروکاریی کاروانی بازرگانییەکەی بگرێتە ئەستۆ و پێی وت

«کوڕەکەم ، وا من چووم بە سالا و توانای سەفەرم نەماوە • تۆیش وا ـ سوپاس بۆ خوا ـ پیاوێکیت بە پشتیوانیی خوا لە گەڵ کاروانی دانەوێڵەکەدا بچۆ بۆ حەلەب و هەرچی ئەبەی لەوێ بیفرۆشە و بە نرخەکەی صابوون و قوماش بکڕە و بگەڕێرەوە دوا •• ئامۆژگاریت ئەکەم ترسی خوات لە دلا بیت ، وە داوات لێ ئەکەم شەرەف و ئابڕووی خوشکەکەت بپارێزیت » ••

(٢)

به فەرمانی پیاوی موسڵمان کوڕەکەی خـــۆی ئامادەی گەشتی بازرگانیی کرد .. هەنگاو بــە هەنگاو و مەنزڵ بــە مەنزڵ سەروکاریی کاروانی ئەکــرد پارێزاریی ماڵ و سامانــەکەی ئــەکرد .. پێویــستیی پیاوانی کاروانەکەی جێ بەجێ ئەکرد .. تــا ئەوە بوو بە کۆمەکیی و پشتیوانیی خوا گەیشتنە شاری حەڵەب..

لــەوێ دانەوێڵــەی فرۆشــت و بــە نرخــەکەی صــابوون و قوماشی حەڵــەبی کڕی کــە هــەردووکیان نموونەی کاری رێك و پێکیپیشەسازیی موسڵمانــانــە بوون .. ئەوسا کەل و پەلی پێچایەوە و خۆی ئامادە کرد بــەرەو مووسڵ بگەڕێتــەوە .

رۆژێــك لــە رۆژان ، هێشــتا حــەڵــەبی بــە جێ نەهێشتبوو ، لە رێگایەکی چۆڵا و دوای خــۆراوا بوون چاوی کەوت بــە کچێکی گەنجی جوان .. لەبەر چاویا زۆر شەنگ و شۆخ بوو .. شەیتان دڵی راکێشا

بۆ لای کچە و دەروونی ستەمکاریش مێشك و زیریی لە خشتە برد و هاتە سەر ئەو رایەی لەم چۆڵیی و نا یارییەدا ، کچەکە ماچ کات .. چاودێریی خوای لەبیر چۆوە .. ئامۆژگارییەکەی باوکی خستە پشت ئوێ .. هەوای گەنجێتیی کەوتە کەللەی و بە بێ ورتە و پرس و را هەڵمەتی دایە کچە و ماچی کرد .. هەر ئەوەندە ..

کورەکە لەگەڵ ئەم جۆرە رەفتانەدا را نەهاتبوو ، بۆیە خێرا شەرم گرتی و رای کرد و کچەش کە بە تەمای ئەم دەست درێژیە نەبوو ئەویش رای کرد .. رای کرد و خۆی دوور خستەوە با هەر ئەوەندەی بە سەرا هاتبێ نەوەکو کورەکە خیاڵی خراپتر بکات ..

کورە پەشیمان بۆوە : ئۆخەی کەس بە چاوەوە نەبوو .. پێیان بزانیمایە ئابڕووم ئەچوو ..

گەڕایەوە شوێنی مانەوە و حەسانەوەی لە حەڵەب .. پەشیمانیی سەری تێ کرد .. کەوتە لۆمەی دەروونی لار و وێر .. بەڵام لۆمەو پەشیمانیی چ دادێك

نەدەن ؟ تازە لە دەستی دەرچوو ••

هاوەلانی سەفەری بەم راز و نیازەیان دەزانی •• نەك ئەوان هەر هیچ کەس نەیزانی •• خۆیشی بە لای کەسەوە نەیدرکاند •• ئیتر ئەوە بوو دوای چەند رۆژێك کەوتە رێ و بەرە و شارەکەی خۆی گەڕایەوە ••

لە کاتێکا کوڕە وا لە گەشتی بازرگانیدا و ئەو پەنەی هات بەسەرا ، بارکی لە مالەوە بوو ••

رۆژێکیان بازکەکە لە ژوورەکەی خۆیا دانیشبوو و پەنجەرەی ژوورەکەشی ئەیڕوانییە حەوشەی مالەکەیان ، تازکێسەکەیان تەقەی دا لە دەرگا و کچەکەی بە پەلە رای کرد و دەرگای بۆ کردەوە •• ئاوکێش هاتە ژوورەوە و دەمی کوندەکەی کۆلی خستە سەر دەمی کووپەی تازەکە و ئاوەکەی کردە ناوی ، کچەش لە تەنیشت دەرگاوە چاوەڕوان بوو ئاوکێشەکە کوندەکەی خالیی بکاتەوە و ـ وەك رۆژانی تر ـ دوای چوونە دەرەوەی لە حەوشە دەرگاکە داخاتەوە ••

ئاوکێش کوندەی خاڵیی کردەوە و بە خاییی دای بە شانیا و کاتێ گەیشتە لای کچە هەڵمەتی دا و ماچێکی کرد ٠٠ خێرا بە پەلە سەری خۆی هەڵ گرت و بە بێ ئاوڕدانەوە ماڵەکەی بەجێهێشت !

کچە زۆر بە لایەوە سەیر بوو ٠٠ باوکەکەشی لە پەنجەرەکەوە بە چاوەوە بوو ، هەر ئەوەندەی پێ کرا بەوپەڕی داخ و خەفەتەوە هەناسەیەك هەڵ کێشێت و خۆی بداتە دەست پەروەردگار و بڵێ

« لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم » ٠

هیچ دەنگی نەکرد ٠٠ کچەکەشی لە بەر شەرمەزاریی خۆی و هیچ کات شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو ، ئەویش دەنگی نەکرد ٠٠

بۆ رۆژی دووەم ئاوکێش کوندەی پڕ کردەوە لە ئاو و هاتەوە بۆ ماڵی پیاوەکە ٠٠ وەك جاران نەبوو ٠٠ سەری خەجاڵەتیی شۆڕ کرد بوو ٠٠ شەرمەزار بوو ٠٠ تەریقی حاڵی دوێنێی ئەبۆوە ٠٠ کچەکە دەرگاکەی

بۆ کـردەوە ، بـەڵام ئـەمڕۆ وەك دوێنێ نـەبوو ..
بە هیچ شێوەیەك نەچووەوە بەلای ئیشەکەی دوێنیەوە..

ئـەو پیاوە ئـاوکێشـە کـاری ڕۆژ و دوو ڕۆژی نەبوو .. چەندەها ساڵ بوو ئاوکێش بوو .. نـەك هی ئەو ماڵە بە تەنیا ، بەڵکو هی گەڕەکەکە هەمووی .. وە ڕۆژێ لـە ڕۆژان جێگای گومان نەبووە و هیچ جۆرە هەڵوێستێکی نەشیاوی پێوە نەبینرابوو ، هەتـا بە حەرامی چاوی نەئەخست بۆ ناموسی خەڵکی .. تەمەنیشی لـە نێوان چل و پەنجا ساڵیدا بوو و تەمەنی گـەنجێتیی و هەرزەکاریی و سەرکەشیی و فیـز و نازی بـە سـەر بردبوو .. بە هیچ شێوەیەك پیاوی ئەو ڕەفتە نەبوو ، وا لـە دەستی دەرچوو ..

(٣)

کاروانی بازرگانیی گەیشـتە بەرەوە .. کـوڕی سـەروکاری کاروان بـە لەشـی ساغ و دەستهاتێکی چاکەوە هاتەوە لای باوکی .. لەبەر خۆیـەوە هیچـی

نەهێنستۆتەوە •• بە تەمایە باوکی بیخانە سەرچاوانی ••
بەڵام باوکی بە لەشی ساغی کوڕ و قازانجی زۆری
بازرگانیی دڵی خۆش نەبوو •• هیچ پرسیارێکی لە
بارەی بازرگانیی و قازانج و سەفەر و دۆست و برا و
خۆشەویستانی حەڵەبەوە لێ نەکرد ••

کوڕ بە تەمابوو باوکی ئەمانەی لێ بپرسێ ، کەچی
پێش هەموو شتێ لێی پرسیی :

لەو کاتەوە مووسڵت بەجێ هێشتووە هەتا
گەڕاویتەوە چیت کردووە ؟

کوڕەکەی دەستی کرد بە گێڕانەوەی دەنگ و
باسی بازرگانییەکەی •• بەڵام باوکە بۆ ئەمە پرسیاری
لێ نەئەکرد ، بۆیە ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی پێ
خۆش نەبوو ئەو بیان گێڕێتەوە ، لە دەمی بڕی و
پرسیی

«ئایا کچت ماچ کردووە ، کەی ، وە لە کوێ ؟» ••

کوڕە سەرسام ما ••

چی لە باوکی ئەبیستێ ؟

رەنگی بزرکا ..
خۆ کەس پێی نەزانیوە ..
نەی چۆن باوکی لە خۆیەوە ئەم پرسیارەی لـێ ئـەکـا؟

چاوی بڕی‌بووە بەردەمی و وەك لە ئەندێشەیەکی قوولـدا بژیت ..
ناچار بوو مل بـا بدات .
دەم و چاوی سوور بوویەوە .
رەنگا و رەنگ ئەگۆڕا .
باوکیشی بە هێمنییەوە سەرنجی ئەگرێت ..
کوڕ تف لە قوڕگیا وشك بوو بوو ..
زمانی وەرنەئەچەرخا .
پیاو خۆ لـە شەرمەزاریا نامرێت .
سەری دا خست .. چاوی زاق و لێوی وشـــك بوو بوون ..
بۆ خۆی بەردێکی رەق و تەق بوو ..
جوولەی لێ بڕپا بوو ...

مەرگ وا بە ئاسانیی دەست ناکەوێ ، ئەگینا دەرمانی هەندێ هەڵوێستە ..

کوڕە هەر بێدەنگ بوو وە ئەگەرچی ماوەیەکی کەم بژی بەلام بۆ ئەو مانگ و ساڵ بوو .. هەر نەئەبڕایەوە ..

باوکە شتێکی دەست کەوت .. زیاتر منمانەی بە بۆچوونەکەی خۆی پەیدا کرد ..

بۆیە کۆتایی بە بێدەنگیی و وڕیی کوڕەکەی هێنا و پێی وت

من ئامۆژگاریم کردی کەوا لەم سەفەرەتدا شەرەف و ئابڕووی خوشکەکەت بپارێزی کەچی وات نەکرد ..

ئینجا دەنگ و باسی خوشکەکەی بۆ گێڕایەوە کە چۆن ئاوکێشی متمانەپێکراوی ساڵانەیان ماچی کردووە .. دیارە ئەم ماچ کردنە لە جیاتی ئەو ماچە حەرامە بووە و قەرزەکەی پێ دراوەتەوە ..

کوڕە چاری نەما ..

لــه بەردەم راسیەکانی باوکیا دانی نـا بــە هەموو راسـتیەکا ..

کاتـێ کـوڕە دانی بـە راسـتیی رووداودا نـاو بــەســەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە ، باوکە دڵی پڕ بوو و بەناسەیەکەوە کە بــەزەیی بە خــۆی و کوڕەکــەی و کچەکەیــ ئەهاتەوە و دڵی لەخۆی دا ئەما وتی

« مــن چاك ئەزانم خـۆم نەتـلاندووە بـە هیچ حەرامێکەوە ، وە پارێزگاریی شەرەف و ئابڕووی خۆم کردووە لـە کاتێکا کە پارێزگاریی شەرەف و ئابڕووی خەڵـکم ئەکرد .. وە شك نابــەم و بـە بیرما نایــەت ناپاکیەکم لە ناموسی کــەســا کردبێ وە یا شــەرواڵ پیسیەکم کردبێت ، بۆیە تکام وایە لــەو بــارەوە هیچ قەرزێکم بە سەرەوە نــەبێت .. وە کاتێ ئاوکێشــەکە خوشکەکەتی ماچ کرد ، بە لامەوە روون و ئاشکرا بوو تۆش ئافرەتێکت مــاچ کــردووە و وا خوشــکەکــەت قەرزەکەی دایەوە..هــەق بــە هــەق ، ئەگەر زیاترت بکردایە ئاوکێشەکەش زیاتری ئەکرد .. » .

(٤)

لەو کاتەدا کۆترێکیش بە سەر بانەکەیانەوە بوو..
بە ۆرانیی وتن و بە دەنگێکی غەمگینەوە خەریکی
دربڕینی رازی دڵی بوو کە ئەیوت

هەرکەس لە شەرەفی نەوە و نەوەی نەوەی
نەترسێ ، یا شەرمی خوا لە دڵیا بێ ..

وە هەرکەس بە شوێن شوورەیی و کەم و کوڕیی
خەڵکا گەڕا ، خوایش بە شوێن شوورەیی و کەم و
کوڕییەکانیا ئەگەڕێ ..

وە هەرکەسێ حوا بە شوێن شوورەیی و کەم و
کوڕییەکانیا گەڕا ، ئابڕووی ئەبات هەرچەندە لە ناو
سکی دایکیا بێت ..

وە هەرکەس حەزی لە پاراستنی ناموسی
خۆیەتی ، با پارێزگاریی لە ناموسی خەڵکیی بکات ..

وە هەرکەس حەز ئەکا ناموسی بشکێت ، با
ناموسی خەڵکیی بشکێنێ ..

لەزەت و خۆشیی سەعاتێك ، خەم و خەفەتە تا بەرپابرونی قیامەت ..

وە هەموو قەرزێك ئەبێ بدرێتەوە ..

وە قەرزی ناموس هەر بە ناموس ئەدرێتەوە ..

وە پیاو کاتێ دەست درێژ ئەکا بۆ ناموسی خەڵکیی ، ئەوە ناموسی خۆی ئەبات .

وە ئەوانەی کەمێ شادمان ئەبن بە لەزەتی حەرام، ئەوانە زۆر ئەگرین بە دەست ئەو ئازارانەوە کە پێی دەڵسان ، کاتێ شەرەف و ناموسیان ئەشکێت ..

وە ئەوانەی ناپاکیی ئەکەن لەگەڵ شەرەف و ئابرووی خەڵکا ، ئەوانە پێش هەموو شتێ ناپاکیی لەگەڵ شەرەف و ئابرووی خۆیانا ئەکەن ..

بەڵام ئەوانە وا دەست درێژیی لە ناموسی خەڵکیی ئەکەن ، لە ناموسی خۆیان بێخەمن ، چونکە بێ ئاگان و دوایین کەسن لە زانینی دەنگ و باسیاندا ..

خۆ ئەوانە ئەگەر راستیی بزانن چیان لە خۆیان

کردووه و چیان به سەرهاتووه ، له شەرم و تەریقییـدا خۆیـان لـه گرۆی ئادەمیی ئەشارنەوه ..

إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ ﴿١٤﴾ الفجر

پەروەردگار هەمیشه تۆڵه له ستەمکاران ئەسێنێ و لـه هەموو دا پەروەرێك دادپەروەرتره ..

« فما كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٧٠﴾ التوبة

بەڵێ خوا ستەمیان لێ ناکات ، بەڵام خۆیان بوون ا ستەمیان لـه خۆیان کـرد ..

(٥)

بەڵێ، تەنها ئیسلام مایەی بەختیاریی و سەربەرزیی ئادەمیزاده .

تەنها ئەم رێزی راستەقینەی پێشکەش ئەکا ..

تەنها ئەم ئابڕوو و نامووسی ئەپارێزێ ..

هەر کۆمەڵێکیش پشتی لێ هەڵ کـەن بێئابڕوو

ئەبن ، بێ ئابڕوو ، ئەگەرچی بە دەم لافی پاکیی لێ بدەن ..

بەڵێ ئەندامانی نەفامیی ئاگایان لە وەزعی خۆیان نیە و زۆر لەخۆیان رازیین ، نازانن چەندێ لە زۆنگاوی بێئابڕوویدا چەقیون ..

وە هەر شارستانییەتێك لە سەر رەوشت و ئابڕوو بەرپا نەبێت ، مایەی ئاژاوە و پشێویی و نەحەسانەوەیە بۆ مرۆڤ .

تەنها سەرنجێکی ئەمڕۆی ئەورووپا بەسەبۆ دەرکەوتنی ئەم راستییە !! .

دەستی پەروەردگار

(٧)

ئادە میزادی ستەمکار

(١)

خەریکی بازرگانیی بوو •• زۆریش دەوڵەمەند ئەبوو •• خەریکی کڕین و فرۆشتنی مانگا بوو •• لە عێراق وە یا لە ئێرانەوە ئەی‌کڕین و بە خۆی و بەو پیاوانەوە کە لەگەڵیا یەبیان ئەکرد قۆناغ بە قۆناغ ئەیان واستنەوە بەرەو سووریا و لوبنان •• جاری وایش ئەبوو ئەگەیشتە میسر ، تا لەوێ بیان‌فرۆشێ و بە نرخەکەیان قوماش و کەل‌وپەلی دروست‌کراوی تر بسێنێ و بیهێنێتەوە بۆ عیراق ••

لە راستیدا پیاوێکی موسڵمان بوو •• لێ بڕابوو بۆ خواناسیی راستەقینە •• شەونوێژیی و رۆژووی سونەتی بە جێ ئەهێنا •• دەستی یارمەتیی هەژاران درێژ ئەکرد •• هەموو ئەرکێکی سەرشانی ، بەرامبەر بە خوا و بەرامبەر بە خەڵکیی بە جوان‌ترین شێوە جێبەجێ ئەکرد •• زۆر لە خوا ئەترسا •• دەست پاك و داوێن‌پاك بوو •• نموونەی موسڵمانی

ئەمەیە بوو ٠٠ خۆی بە خاوەنی ماڵ و سامان نەئەزانیی ٠٠ بەڵکو ئەموو دەست کورتێکی خزمی وە یا هاو ماڵ و ئاسیاوی شارەکەی ، هەتا هەموو هەژار و بێ نەوایەکیشی بەشداربەشی سامانەکەی ئەزانی ٠٠ ئەم خەریکی بەخشینەوە بوو خواش لەوە زیاتری ئەڕژاند بە سەریا ٠٠ لە راستییدا لە ژیانێکی خۆش و بێ گەردا ئەژیا ، چونکە شانازیی بەوەوە ئەکرد ئەو خۆی بە بەندەیەکی ماڵ ئەچی خوا بزانێ ٠٠ چونکە لە راستییدا ئەمە خۆشترین و بەرزترین ژیانە بۆ ئادەمیزادی خاوەن عەقڵ ٠٠

بەڵام ئەوەی پێویستە بیزانین ، ژیان لەسەر یەك ئەندازە بەر دەوام نابێت ٠٠ ساتێ بە خۆشیی و ساتێکیش بە ناخۆشیی ٠٠ هەموویشی تاقی کردنەوەی موسڵمانی تێدایە ٠٠ دیارە ئەگەر خۆشیی بێت هەر خەیرە چونکە سوپاسی خوا ئەکا ، وە ناخۆشییش بێت هەر خەیرە چونکە ئارام ئەگرێت ٠٠ کورتەکەی ژیانی موسڵمان هەمووی شادمانیە ٠٠

بەندەی موسلمان خەریکی کاسپی حەلالی خۆی و خواناسیی بوو .. تا ئەوە بوو لە یەکێ لە گەشەکانیا بەفرێکی زۆر و زەبەندە باریی ، ئەمەش پێش جەنگی جیهانیی یەکەم .. بەفرەکە یەکجار زۆر بوو ، بە شێوەیەك رێگا و بانی بڕیی .. ئالف و خۆراك هاتە کزیی و دەست نەکەوتن .. ئەمیش مانگای زۆری کڕیی بوون و رێگا نەبوو بیان با بۆ فرۆشتن و لە بەر بێخۆراکیش هەموویان مردن جگە لە چوار سەریان..

کاتێ ئەو پیاوانەی کە لە گەڵیا خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون دیان گلۆڵەی بازرگانی موسڵمان کەوتە لێژیی و دەستکەوتەکەی جارانیان – وا دەر ئەکەوێ – لەمەو لا نەبێت ، پشتیان لێ هەڵ کرد و دەوریان چۆڵ کرد و ئەمیش مایەوە خۆی بە تاقی تەنیا .. هەروایە .. ئەوانەی بە بۆنەی تەماعی دنیاوە لە دەوری پیاو کۆ ئەبنەوە ، لە کاتی تەنگانە و بێدەستییدا هیچیان پێوە دیار نیە جگە لە بێوەفایی ...

لەگەڵ ئەم باردا هەر دامەزراو بوو .. ساڵەکە ساڵی گرانیی بوو ، خەڵکیی خوا خوای بوو بکەوێتــە بەهار و لــە مەرگی گرانیی و برسێتیی رزگاری بێت .. بۆیــە موسڵمان ئاسایی ، دوای بەربوونی ڕێگا و بــان ، وای بە چاك زانیی بە زووترین کات هــەوڵ بــدا چی قەرزی وا بــە سەرەوە بیداتــەوە .. ئەوە بوو بە خۆی و بە چوار مانگاکەیەوە قۆناغ بــە قۆناغ ئەڕۆیشت لەم لاوە بۆ ئەو لا ، بــەنیازی ئەوەوە بگاتە شاری حەڵەبی سووریا ، تــا ئەوێ چی قــەرزی وا بــە سەرەوە بەپێی توانــا بیداتەوە و داوای مۆڵەت بکا بۆ دواخستنی ئەوەی کە ئەمێنێت ، بۆ ســاڵی داهاتــوو ، چونــکە ئەمســاڵ بازرگانییەکەی شکستی هێناوە ، بەشکوم ساڵی داهاتوو ، دوای تەنگانە ، خوا خێر و خۆشیی بڕژێنێ بە سەریانا..

قۆناغ بە قۆناغ ئەڕۆیشت هــەتا ئێوارەیــەکیــان گەیشتە دێیەکی بچکۆلەی سەرەڕێگای نێوان موسڵ و حەڵەب .. تەقەی دا لە دەرگای ماڵێك .. خاوەن مــاڵ هاتە دەرەوە و ئەمیش تێی گەیاند خەڵکی ئەو شــوێنە

نیە و میوانە ، جا ئەگەر پێیان خۆش . ، با ئەو شەوە لە خزمەتیانا بێت و بۆ بەیانیی لێ ئەدا بۆ دێیەکی تر ..

ئەو رۆژە وتێل نەبوو تا رێبواران تیایا بحەوێنەوە ، هەروەها چێشتخانە نەبوو تا نانی تیا بخۆن .. تا ئەو کاتە موسڵمای رێبوار بۆی هەبوو لەسەری جیهانی ئیسلامییەوە لێ بدا بۆ ئەوسەری بێ ئەوەی کەسێ دەست بێنێتە رێگەی ، وە یا لە سنوورێکا بوەستێنرێت ، چونکە هێشتا ئیمپریالیزمی رۆژئاوا خاکی یسلامی داگیر و بەش بەش نەکردبوو، بەم شێوەی کە ئێستا سنوورە دەستکردەکان ئەبینین ..

هەر موسڵمانێ رێبوار بوایە و شەوی بە سەرا بهاتایە ـ چ لە شار و چ لە دێدا ـ تەقەی ئەدا لە دەرگای ماڵێك و خاوەن ماڵیش بە شانازیی و سنگی فراوان و شادمانییەوە دەرگای ماڵی ئەخستە سەر پشت بۆ میوانی خۆشەویست ، ئەو میوانەی ـ بە پێی ئاینەکەیان ـ خۆی رۆزیی خۆی وا بە کۆڵیەوە و

حوایشی لــه خاوەن ماڵ خۆش ئەبێت ، وە ئەو میوانەی
کە لە ناو ئەو هەموو ماڵانەدا مالی ئەوانی هەڵ بژاردوە••
ئیتر ئەو رێبوارە ئەوشەوە ئەبووە ئەندامێکی ئەوخێزانەو
بەوپەڕی رێز وە خزمەت ئەکرا و بە پێی توانا خۆراکی
پێشکەش ئەکرا و لەگەڵ خۆیانا ئەخەوت ••
دیارە ئەمەش تەنها لــە بــەر خوا و پــەیوەندیی
برایەتیی ••
بەڵێ •• خاوەن ماڵ کە میوانی لــە بەر دەرگادا بە
خۆی و چوار مانگاکەیەوە دیی بەخێرهاتنی لێ کـــرد
و بردیــە ماڵەوە و مانگاکانیشی کردە حەوشەوە و دەستی
کرد بەخزمەتکردنی میوان و ئاڵفدان بە مانگاکانی••

(٢)

خاوەنماڵ زۆر دەستکورت بوو •• کۆیشی هەر
ئەو ساڵە سەختە بوو کە ئەو هەموو بەفرە بۆ ماوەیەکی
زۆر باریی بوو ، کە ئەوە بوو مەڕ و ماڵاتەکەی قــڕی
کــرد بوو و کشت و کاڵەکەی زیانی پێ گەیی بوو ••
بۆیــە ئەمیش هیچی بــە دەستەوە نەمــا بوو •• گرانیش

هێشتا تارمایی ڕەشی چڵکنی لـە بەر چاوی خەڵکا هەڵ نەکەنرابوو .. خەلکیی زۆر ئەترسا لەوە خراپ‌تریان بێتـە ڕێ ..

ئەو خێزانە ژن و مێردێ بوون کە کوڕێـکی دە دوانزە ساڵان ، بەڵکو زیاتریان هەبوو.. خانووەکەشیان بریتیی بوو لە دوو ژوور : یەکێکیان بۆ خەوتنی خۆیان و ئەوی تریشیان بۆ کوڕەکەیان ..

ئەو ئێوارەیە دوای نان خواردن لـە دەوری میوان کۆ بوونەوە و دەستیان کرد بە وت و وێژ تـا بەشێك لـە شەوگاری دوور و درێژی پێ بە سەر بەرن .. قسەیەك لێرە و یەکێ لەوێ هاتنە سەرباسی میوانەکەیان و دەنگ و باسی ، تـا ئـەویش باسـی خـۆی بۆ گێڕانـەوە و خاوەن‌ماڵ زانیی کە هەندێ پارەی پێ‌یە ..

هەر چۆن بوو بەشێك لە شەو تێ پەڕیی و کاتی خـەوتن هاتە بـەرەوە .. خاوەن‌مـاڵ بـە خـۆی و خێزانەکەیەوە چوونە ژووری خۆیانەوە و میوانیشـیان ناردە ژووری کوڕەکەیان .. ئینجا لـە گۆشـەی لای

راستی زووره‌که‌دا جێگه‌یان را خست بۆ کوڕه‌که‌یان و لــه گۆشه‌ی لای چه‌پیشا بۆ میوانه‌که‌یان ..

ئینجا له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی نه‌وه‌کو میوانه‌که‌ شه‌رم بکا ، خاوه‌ن‌ماڵ پرسیاری لێ کرد بۆ هه‌رشتێ که‌ پێویستی بێ .. جاکه‌بۆی ده‌ر که‌وت بۆ هیچ شتێ دا نه‌ماوه‌ و هه‌تا ئاویشی وا به‌ لاوه‌ ، کوڕه‌که‌ی و میوانه‌که‌ی به‌جێ هێشتن تــا هه‌ر که‌سه‌ له‌شوێنی خۆیا بخه‌وێ ..

خاوه‌ن‌ماڵ گه‌ڕایه‌وه‌ لای خێزانه‌کــه‌ی و ویستی بۆ خۆی بخه‌وێ ، خێزانه‌که‌ی ده‌می هێنایه‌ بنــا گوێی وتی فلانه‌ که‌س ! تا که‌ی ئێمه‌ هه‌روا له‌ هه‌ژاری و ده‌ست‌کورتیدا بمێنینــه‌وه‌ ؟ ئــه‌م میوانه‌ ده‌وڵه‌مه‌نده‌ ، ئێمه‌یش زۆر داماوین بۆ سامان و مانگاکانی .. بــه‌ره‌و گرانییه‌ك ئه‌ڕۆین هــه‌تــا ده‌وڵــه‌مه‌نده‌کانیش مه‌گــه‌ر به‌وپه‌ڕی ناڕه‌حه‌تییه‌وه‌ بــه‌رگه‌ی بگرن وه‌ بێ گومــان لــه‌ برسانا ئه‌مرین .. ئه‌وه‌تــا هه‌ر ئێستا رۆژێ تێرین و رۆژێ برسییمانه‌ ، ئــه‌ی ئه‌گــه‌ر گرانیی کــه‌وتــه‌ دێ‌که‌مانه‌وه‌ ئه‌بێ حاڵمان چی بێ ، لــه‌ کاتێکا نه‌ پاره‌و

سامانمان لایە ، وە نە خۆراك ؟ .

ئەمڕۆ هەلت بۆ هەڵ کەوتووە و جارێکی تر بۆت هەڵ ناکەوێتەوە .. هەلسە بڕۆ پارەکە لە میوانەکە بسێنە و مانگاکانیشی بەرە ، هەتا ژیانی خۆمان و کوڕە ناتانەکەمان بپارێزیت ..

نەك هەر ئافرەت ، بەلکو هەموو مرۆڤێك ، کە ترسی قیامەت لە دلیا کەم بوویەوە و لە سزای پەروەردگار دەستی شۆریی ، هەروا بیر ئەکاتەوە .. گەورەترین تاوانی بە لاوە بچووکە بە مەرجێ لە پێناوی بەرژەوەندییەکی خۆیدا بێت ..

مێردەکەی پێی وت

میوانمانە ، چۆن ئەبێ ؟ چۆن ئەبێ پارە و مانگاکانی لێ بسێنم ؟!

پیاوە جوامێرییەکی پێ مابوو ، بەلام ئافرەتە ـ چونکە کەمتر لە خواناسیی گەیشتبوو ـ شەیتان چووبووە بن کلێمی و تەماع چاوی کوێر کردبوو ، بە بێ دامان هاتە وەلام و نەخشەی کێشا بۆ پیاوە تا بەشکوم

ناپاکیی بکات لەگـەڵ میوانی غـەریب و ئاوارە •• پێی وت :

« بی‌کوژە ! ئەوسا فڕێی ئەدەینە چاڵێـکی نزیکی ئـەم دۆڵـەوە •• کێ پێی ئەزانێ ؟! کێ ؟ » ••

هەروا بـە ئاسانیی •• بی‌کوژە !!

تەنها ئیمانە پاسەوانی خوێن و سامان و نامووسی ئادەمیزاد •• جا کە ئیمان نەما وەیا ئەوەندە کز بوو کە بەرگەی شاڵاوی وەسوەسەکانی شەیتان و تەماعی دنیای نەگرت ئەوسا پاسەوان نامێنێ و دنیا ئەبێتە پاشاگەردانیی و کەس لەخراپەدا درێغیی ناکات ••

ئینجا بەوپەڕی بێ‌خەمییەوە وتی

« کێ پێی ئەزانێ ؟ » ••

واتە : غەریبە و کەسی لێرە نیە و هیچ کەسێکی نازانێ ئەمشەو لێرە بووە و ئێمە فەوتاندوومانە !!

کەس نازانێ !

ئەوەی ناسیاوی ئەم بێ نازانێ !

ئەوەی بـە تەنگیەوە بێ نازانێ !

مێردە کاری بە لاوە نامەردیە و لەولاشەوە ترسی برسێتیی بێویژدان کەم نیە و ژنەش وا لای پێهەڵ چنیوە و بەچیەوە خێرا خێرا هانی ئەدا و شەیتانیش ئاگر خۆش کەری باسەکەیە .. بێوچان وتەی ژنە بە یام و مەزەوە ئەدا بە گوێیا

راستەکا ، ئافرەتە خەمخۆری خێزانەکەیە .. گرانیەکی ئێجگار گەورە چاوەڕوان ئەکرێت . پیاوی ئەوێ بتوانێ سەری خۆی و خێزانەکەی دەرکات .. ئەمڕۆ ڕۆژی منی منیە .. میوان و وەفا و جوامێریی کاتی خۆی ئەوێ ، ئێستە نا .. کاتی هەرزانیی !!

وەسوەسەی شەیتان بووە کۆمەکیی بۆ وتە ژاراوییەکانی ئافرەتەکە و پیاوە خەریك بوو شل بێ ، خێرا ئافرەتە لێی هاتە گوفتار تا ئیتر دوو دڵیی بەس بێ و ئەو هەلە لە کیس نەدات ، وتی

« ئەوەی تۆ پێی هەڵ ئەسیت پێویستە بۆ رزگارکردنمان لە مردنێکی مسۆگەر ، وە پێویستیی و ناچارییش ڕێگای کاری حەرام و قەدەغە ئەدەن » !

سەرەنجام پیاوە بە تەواوەتیی شل بوو وەسوەسەی شەیتان و چپەی ئافرەت لە بنا وێیا و تەماعی دنیا و مەترسیی لە ژیانی هەمەویان بە جارێکا پیاویان لە خشتە برد ، چونکە ئیمانەکەی ئەوەندە نەبوو لەم تاقی کردنەوەیەدا دەرچێت ..

بەڵێ کەوتە شوێن ژنە و بڕیاری دا میوانی غەریبی بێ کەسی خوراناس بلوژێت تا تاڵانی بکات ..

(٣)

تا بڕیاری ژن و مێردە یەکلایی بوویەوە و بڕیاری ناپاکییان دا ، دووبەشی شەو تێ پەڕیی و سێیەکی مابوو .. دنیا کش و مات بوو .. بە بێ دەنگ و وەنگ .. هەموو گیاندارێك مات و بێدەنگ بوو .. کاتی خەو و حەسانەوە و پشوودانی بوو.. چراکانی ئەو سەردەمە ، کە بریتیی بوون لە قوتیلە و بە زەیت دا نەگیرسان ، کوژابوویەوە .. تەنها ژن و مێردە و شەیتانی مامۆستایان خەویان لێ زڕا بوو .. نەگبەتیی

یەخەی ڕتبوون •• بە تایبەتیی شەیتان ، دوای
شلبوونی پیاوەکە بۆ کوشتنی میوانەکەیان ، لە
خۆشیدا دەستی ئەهێنا بە سەر دڵیا :

وا خەریکە چەند نەوەیەکی ئادەمی دوژمنم فریو ئەدەم و لە بەزەیی خوا دووریان ئەخەمەوە ••

پیاوە خەوی زڕا •• لە سەر نوێنەکەی هەڵسا و خەنجەرەکەی دەرهێنا و بە دەسان تیژی کردەوە •• ئینجا بەرەو ژووری میوانەکە و کوڕەکەیان کەوتە ڕێ •• ژنەکەشی بە دوایەوە بوو هانی ئەدا ••

نەوەکو ویژدانی ببزوێ و پەشیمان بێتەوە ، با نەیەڵێ ••

نەوەکو شۆڵەی ئیمانەکەی گەش بێتەوە و لە سەر ئەزمی خراپکاریی سارد بێتەوە ، با نەیەڵێ ••

شەیتان بەمە زۆر دڵخۆش ئەبوو •• پیاوەکەش لە بەر ئەوەی میوانەکەیان بە خەبەر نەبێتەوە ، زۆر لە سەرخۆ هەنگاوی ئەنا ، بێچرپە و بە نووکی پەنجەی پێی ئەچوو بە ڕێوە •• ئەسپایی دەرگای ژوورەکەی

کردەوە •• ئەیزانیی میوانــەکە وا لــە گۆشــەی لای چەپی ژوورەکەدا خەوتووە •• بەرەو ئەویّ کــەونــە ریّ •• ژوورەکە تاریك بوو ، تەنها تارمایی نوێنەکانی دیار بوو •• دەستی ئەیاندە لاشەی •• دەستی بــەرە و زوور کردەوە بۆ لای ملی دەستی پیّ گەیشت ••

خوایە هاوار ••

خوایە بەزەییت ••

ستەمە ، ستەم ! •

لــە پێناوی چیدا خوێنرشتن ؟!

لە پێناوی تەماعدا ؟!

شەرورەیە !

لــە پێناوی ژیاندا ؟!

ژیان ئەوەندەی پیّ ناویّ ••

خوا رزق و رۆزیی ئەنێریّ •

جا با مەردانە شتێکیان لە میوانەکە داوا بکردایە•• وە کە هەر دەستیان لە بەزەیی خوا شــوریی بوو ، بــا داوای یارمەتییان لــە موسڵمانی غەریب بکردایە ••

بەڵام ئا ، هەمووی وەسوەسەی شەیتانە وا زیان و گوزەران ئەگرێتە بیانوو .. وا دەوڵەمەندیی و دەستڕۆیشتن ئەگیرێتە پێش چاو ..

خوایە یارمەتییت !

موسڵمانی غەریب و ئاوارە بێکەسە خۆت کەسی بە ..

هەر خۆت خاوەنی بڕیاری ئەی پەروەردگاری مەزن ..

هەر خۆت خاوەنی دانایەتییت ..

جا بۆ ئەوەی بە خەبەر نەبێتەوە ، دەستی لە کارا بوو ، خێرا وەك مەڕ سەری بڕیی ..

ژنە لە دوورەوە وەستا بوو نەی ئەوێرا بێتە پێشەوە .. کە زانیی بە تەواویی سەری لە لاشەی جیا کردۆتەوە ، لێی هاتە پێشەوە تا یارمەتیی بدا و پێکەوە لاشەی بەناڕەوا سەربڕاو را کێشنە دەرەوە ..

رایان کێشایە دەرەوە .. حەپەسان .. چیی ئەبینن .. نا .. وا نیە .. تۆبڵێی وا بێ ؟! سەیری

یەکتریان کرد .. ؤیەتی .. لاشەی میوانەکەیان نیە . لاشەی کوڕە تاقانەکەیانە !!

خوایە هەر خۆت خوایت ..

دەسەڵات هەر دەسەڵاتی خۆتە ..

مەگەر هەر خۆت نەخشە بکێشی ..

پیاوەکە هەناسەیەکی ساردی هەڵ کێشا .. ژنەکەش بە شوێنیا هەناسەیەکی ساردتری هەڵ کێشا.. دەستیان وشك بوون .. چاویان زاق بوون .. رەنگیان گۆڕا .. ئەژنۆیان وشك بوون .. دڵیان ئەهات بە یەکا.. هەردوو پێکەوە هاتن بە لادا و لە پاڵ لاشەی سەربڕاوا بێهۆش کەوتن ..

ژن و مێردە دەنگە دەنگێکیان دروست کرد .. هەرچەندە ویستیان بەبێ چرپە کارەکەیان ئەنجام بدەن .. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی میوانەکەیان بەخەبەر بێتە لەولاوە دراوسێکانیش بەخەبەر هاتن .. سەیر ئەکەن کوڕی خاوەنماڵ سەربڕاوە و دایك و باوکی کوڕەش لە پاڵیا بە بێهۆشیی لەسەر زەوییەکە کەوتوون ..

میوانەکە لەگەڵ دراوسێکانا هەڵمەتیان دا و ئـاوی ساردیان هێنـا بۆ ئەوەی دەم و چاوی ژن و مێردەی پێ فێنـك بکەنەوە ..

دوای ئـاوپرشێنێکی زۆر هاتنـەوە هۆش .. کـە چاویان کردەوە دەستیان کردەوە بە شین .. بە گریان .. بەڵام چۆن گریانێك .. بەکوڵ ئەگریان .. ئینجا داوایان کرد لە دراوسێکان تا هەواڵ بگەیەنن بە پۆلیس. ئەوەندەی پێ نەچوو پۆلیس بـە پەلە هات و هـەردوو تاوانبارەکەی گرت ..

خۆیان بە دەمی خۆیان دانیان نـا بە تاوانەکەیانا.. دەریـان بڕیی چ ناپاکییەکیان لێ وەشاوەتەوە .. دەریان بڕیی هیچ سۆزێکی ئادەمیانە لە دڵیانـا نەمـا بوو کاتێ ویستیان میوانی خەوتوو بۆ تەماع سەر ببڕن ..

(٤)

ژن و مێردە ویستیان میوانـەکەیان سـەر بڕن ، کەچی میوانەکە وزگاری بوو و کوڕەکەی خۆیانیـان سـەر بڕیی ..

ئەمە چۆن بوو ؟

ئێوارە میوانەکە لە گۆشەی لای چەپی ژوورەکــە خەوتبوو ، خاوەنماڵیش هەر بۆ هەمان جێدا هــەڵمەتی برد .. ئەی چۆن کوڕەکەیان پێوە بوو ؟!

بەو شێوەیە پێوە بوو کــە خوا نـاپاکیی بــە لاوە ناپەسەندە ..

بەو شێوەیە پێوە بوو کــە خوا تۆڵــەی میــوانی خواناسی بێ تاوانی لێ سەندن ..

خوا خۆی هۆیەکان رام ئەکا تا ویستی بێتە دی ، بێ ئەوەی کەس لە نهێنیی و دانایەتییەکانی تێ بگات .

دوای ئــەوەی خاوەنمــاڵ ئــەچێتە ژوورەکــەی خۆیەوە و کوڕەکەی و میوانەکەیان لە ژوورەکەیانا بــە جێ دێڵێ ، کوڕە دەڵ ئەسێتەوە و بە شێوەی کوڕێکی دڵپاکی سنگ‌کراوە ئەچێتە بەر جێگای میوانەکەیـان کــە نوێوە و هەنــدامی وا ئەکەیــەنن موســڵمانێکی راستگۆیە بۆ ئەوەی زیاتر پێکەوە وت و وێژ بکەن ، چونکە وتەکانی میوانەکەیان بە تام و پڕ مانا و کاکڵە و

سوودبەخش بوون٠٠دەستیان کرد بە قسە و ئێرانەوەی بەسەرهات ٠٠ کوڕە باسە ئانی زۆر بە دڵ بوون ٠٠ باس لـە دوای باس درێژەی کێشا ٠٠ کوڕە خەو هێنـای بـە لاداو لەسەر نوێنی میوانەکە خەوت ٠٠

میوانی خواناسـی خاوەنسـۆز دلی نەهات لاری خوێن گەرم بەخەبەر کاتەوە تـا بچێتەوە سەر نوێنەکانی خۆی ، لـە بەر ئەمە جێران دای پۆشین و شـــوێنەکەی خۆی بەجێ هێشت بۆ ئەو و خۆیشی چووە سەر جێگای کوڕەکە و خەوت ٠٠

کاتـێ خاوەنمـاڵ دێتـە ژوورەکـەوە ، لەبـەر خۆیەوە لای مێوگەرە و شوێنی هەردووکیان ئەزانێ ، بۆیە راستەوخۆ ئەچێتە سەر کوڕەکەی و وا ئـەزانێ ئەمە میوانەکەیە و لـە جیاتیا کوڕەکەی سەر ئەبڕێ٠٠

بەڵێ ، لـە کاتێکا ژن و مێردە خـەریکی پـلانی ناپاکیی بوون ، میوانی موسڵمان خۆشیی و کامـەرانیی ئەخستە دڵ و دەروونی کـوڕی خاوەنماڵـەوە ، بـەو نیازەوە کە ئەمە تاقانـەو خۆشەویستیانە و ئـەوانیش

ئەمشەو ڕێزیان لەم گرتووە •• دیارە هەموو کەسێکیش بە پێی نیازی دڵی خۆی خوا لەگەڵیا ئەکات ••

ئەم سەربڕینەش لەو هەڵوێستە ئەکات کە یەکێ لە (خەواریج)ەکان پێی هەڵسا ، ئەوە بوو ویستی لە تاریکەی بەرەبەیانا عەمری کوڕی عاص بکوژێت ، کەچی لە جیاتیا خاریجەی کوڕی حوذافەی کوشت ، جا کە بە هەواڵەکەی زانیی ، پڕ بە دەمی خۆی هاواری کرد : « من عەمرم ویست و خوایش خاریجە » •

ئادەمیەکان نیازێ ئەکەن ئەگەر خوا بۆیان بەجێ بکات ، خۆ ئەگەر ویستی خوا جۆرێکی تر بوو ، ئەنجامی هەموو نیازێ بۆشە ••

میوانی خواناس لەو تەڵەکەیە رزگاری بوو و دێی خاوەن ماڵی بەجێهێشت و بەرەو مەبەستی پیرۆزی خۆی کەوتە ڕێ •• لەولاوە دەر و دراوسێیشن کوڕی سەربڕاویان ناشت و باوکیشی خرایە سوچێکی تاریکی بەندیخانەوە ••

لەدەستدانی کوڕی جگەرگۆشە ••

چەشتنی سزای بەندیخانە ..
سەرشۆڕیی و خەجاڵەتیی دنیـا ..
تاوانی گەورەی قیامەت ..

هەموویان بە جارێ یەخەی پیاوەیان گرت ، کاتێ جڵەوی مێشك و ژیریی خـۆی دایە دەسـت ژنێـکی کەڕەعەواەی تێنەگەیشتوو لـە ژیـان و لە نرخی ژیان و لە رەوشت و لە بەرهەمی رەوشت ..

دایکەش خۆی کردە پەند و ئامۆژگاریی بۆ هەموو افرەتێ کە بیەوێ کەڵك لە دەسەڵاتی خـوا و سـزای سەختی بەرامبەر بە ناپاکان وەر گرێت ..

خۆی کردە نیشانە تـا هەموو کەسێ پەنجەی بۆ راکێشێ و هەموو سەیرکردنێـکیشی هەر سـزایەکی سەختی جەرگبڕ بێت .

ئیتر با ئەو خەم و خەفەتەی بوەستێ کە بە تەگبیری خۆی لاوی تاقانەی جگەر گۆشـەی بـەو ناسـکیی و تەڕییەوە ناویشتە گۆڕی تەنگ و تاریکەوە ..

لـە هەمووی گرنگتر وانەیەکی پیشانی هەموو

پیاوێك دا تا ئەگەر جوامێرییان تیایە بـا خۆیان نەخشەی زیانیان بکێشن .. یا تا خەمی قیامەت وەستا بۆ خـەمی دنیـا نەخۆن ..

(٥)

لـە کاتێکا ئەم چیرۆکە بە سەر هەموو زمانێـکەوە بوو و خەڵـکیی بـە راسـتیی دەسـتی بەدەسـەڵاتی دادیەروەرانەی پەروەردگاریان ئەبینی ، دوو کۆتر بـە سـەر درەختێـکەوە ، بـە سـەر رووبـاری خاپووری فوراتەوە ، لـە نزیك قەرەقەیسـیاوە ، وت و وێژیـان ئەکرد .. پەند و ئامۆژگاریـان پێشکەش بـە ئادەمیزاد ئەکرد ..

یەکەمیان هاتـە گوفتار و وتی

خوا هەر خۆی دەوڵەمەندە و خەڵکیی هەموویان هەژارن ..

وە خوا هەر خۆی رۆزیی‌دەری زانایە ..

وە رۆزیی خوا نووسراوە بۆ هەموو گیانداریك..

جا با هەموو کەسێ چاو بۆ رۆزیی حەلاڵ بخات ..

وە دووەمیان وتی

با ـ وان نیـە زەك مەرگ بێت ..

وە خـوا ـەر خـۆی چاودێـرە و لـە شـت ئەپرسێتەوە ..

خۆ ئەگەر خەلکی خەوتن ، ئەوا خوای دروست کەر ناخەوێ ..

وە هیچ کەسێك نامرێت هەتا کاتی دیاریی کراوی مەرگی نەیەتە پێشەوە ..

یەکەمیان وتی

فەرمانەکانی خوا بپارێزە ئەتپارێزێ ..

وە هەر کەسێ شەرم و ترسی خوای لە دڵا بێت ، دەرووی لێ ئەکاتەوە .

هەر دایك و باوکێك لەگەڵ خوادا راست بکەن خێر و خۆشیی ئەڕژێ بەسەر جگەرگۆشەکانیانا ..

وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَنْ يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا .. ﴿٨٢﴾ الكهف

وە هەر بەندەیەك لە كۆمەكیی و یارمەتیی برای موسڵمانیا بێت خوایش وا لە كۆمەكیی و یارمەتیی ئەوا..

وە دووەمیان وتی

ستەم زۆر ناخایەنێ .. وە ئەگەر خایاندیشی نیاچوون بەشێەتی ..

وە داد زۆر ئەخایێنێ و هەتا دێت گەشە ئەكات..

وە ستەم تاریكایە ، وە هەندێ لە تاریكاییەكانی بەندیخانەكانن ..

وە داد رۆشنایە ، وە هەندێ لە رۆشنایییەكانی ئاسوودەیی ویژدان و دڵ و دەروونە ..

بەم شێوەیە هەموو بوونەوەر ئاهەنگێكی پڕ تام و بەلەزەتی گێڕا و هەموو دروستكراوەكانی خوا ـ بە گیاندار و بێ گیاوە ـ سوپاسی پەروەردگاری خاوەن سۆز و داد و دەسەڵاتیان كرد .. بەڵام لەم ئاهەنگە گەورە بێ هاوتایەدا ـ بە داخەوە ـ ئادەمیزادەكان ، جگە

لـه کەمێکیان ، بەشداریان نەکرد و هەموو بوونـەوەر کەڵك و پەندی وەرگرت ، جگە لەوانەی کـە ئامادەی ئـاهەنـگەکە نەبوون .. بە راستیی هەر ئادەمیزادێ لـە خـوای پەروەردگار یاخیی بێ ستەمکار و نەفـامە .. ستەمکارو نەفـامە ...

دەستی پەروەردگار

(٨)

سوێندی دادگا

(أ)

زۆرن ئەوانەی خوا بەخششیان بە سەرا ئەڕیژێ و دەوڵەمەندیان ئەکات ، لەوانەش هەیانە زۆر مەردانـە خوا لە خۆی رازیی ئەکات .. ئەزانێ لە رۆژی قیامەتـا نابێ لە شوێنی خۆیـا پێی بگوێزێتەوە هەتا پرسیاری لێ بکرێ لە بارەی سامانەکەیەوە چۆنی پەیدا کرد و بـە چیـا بەختی کرد .. بۆیە لـە هەموو کاسپەکی حەرام خـۆی لا ئـەدا و ژیریـی ئـەخـاتـە کـار و جڵەوی دەروونی شـووم ئەگرێ ، تـا خۆشەویسنیی پـارە دڵی لـە خشتە نەباو نەبێتە کارەیەك شەیتان رازیی بکات .

حاجی ئیبراهیم موحەممەدیش کە لـە پەنجاکاندا لـە یەکێ لـە شارەکانی عیراقدا ئەژیـا ، یەکێ بوو لـە بازرگانە زۆر دەوڵـەمەندەکان و سامانەکـەی کردبووە خزمەتکاری ئاینـەکەی و بـە هەموو بارێکدا دەسـتی

یارمەتیی درێژ نەکرد بۆ هەموو یەکێ کە پێویستیی بە پارە بوایە ، وەها را هاتبوو دەست نەنێ بە رووی هیچ کەسەوە و نەهێڵێ کەسێك بە دڵی شکستەوە بگەڕێتەوە دوا ..

مەلەر ئەوانەی داماویی و پێویستیان کێشا بێ بزانن چەندە کارێکی مەردانەیە موسلمان بە دەستی خاڵیی و دڵی شکستەوە نەگەڕێتەوە و موشکولی نوشاد بڕێ .. چونکە ئەو کەسەی کە دا ئەمێنێ ، یا لێ نەومانێکی دێت بە سەرا ، تەنها ئەو ساتەی ژیانی لە بڕە و لە بەر چاوە .. جا کە داما بوو و کەسێ نەبوو دەست گرۆیی بکا ، ئەوا سەراپای ژیانی لەبەرچاو رەش ئەبێ و بە هیچ مێژەیەك هیوای بە خۆی نامێنێ ..

بۆیە وا ئیسلام یارمەتیی و دەست گرۆیی بە کارێکی زۆر چاکی ژماردووە .. جا چیی هەیە ئیسلام نرخی خۆی نەدابێتێ ، لە چاك و لە خراپ ؟

حاجی ئیبراهیم یەکێ بوو لە دەست نەمامەکانی ئیسلام و خاوەنی دڵێکی تەواو فراوان بوو .. ئەوە

بوو رۆژێکیان پیاوێك بـه ناوی « •••••• » ، وه هاته لای که له دووکانه‌که‌یدا دانیشتبوو ، له « خان الشط » کـه بـه سه‌ر رووبـاری دیجله‌دا ئـه‌ی‌نـواڕیی •• سه‌رگوزه‌شته‌ی خۆی بۆگێڕایه‌وه •• به وردیی حاڵ و ئه‌حواڵی خۆی خسته به‌رده‌م حاجی ئیبراهیـم و پێی وت :

« من دراوسێتم ، وه کوڕه‌کـه‌م یـه‌کێ بوو لـه هاوڕێ گیانی به گیانیه‌کانت ، وه لـه کاتی سه‌ره‌مه‌رگیا، وه‌سیه‌تی بۆ کردم ئه‌گه‌ر هه‌ر گرێ‌کوێره‌یه‌ك هاته ڕێم وه هه‌ر ناڕه‌حه‌تیی و ته‌نگانـه‌یه‌کی ژیانم هاتـه به‌رده‌م ، په‌نـا بێنمه لای جه‌نابت ••

« وه‌ك ئـه‌زانییت کشمـت و کاڵی ئه‌م‌ساڵ پاره‌ی تۆوه‌که‌ی ده‌ر نه‌هێناوه‌تـه‌وه ، زه‌ویی وشك و ره‌ق و بێ‌بارانیی هات بـه سه‌را و حاڵمان شپرزه بوو و نازانـم چۆن چارێ بدۆزمه‌وه و به‌چی ته‌گبیری خۆم بکه‌م ••

« وه له بانق پاره‌یه‌کم قه‌رزکـردووه و پێویسـته

بی‌ده‌مه‌وه ئه‌گینا ئابڕووم ئه‌چێ و ناحه‌زانم ده‌ست دێنن به‌سه‌ر دڵیانــا ..

« وا منیش ئه‌مڕۆ هاتوومه‌تــه لای جه‌نابت تا هه‌زار و پێنج‌صه‌د دینارم بده‌یتێ بــه قــه‌رز تــا ئــه‌و پاره‌یه‌ی بانقی رافیده‌ین که قه‌رزه و له گه‌ردنمایه بی‌ده‌مه‌وه و تۆو بسێنم و ته‌گبیری خۆم بکه‌م .. وه به‌ڵێنت ئه‌ده‌مێ لــه وه‌رزی دره‌وی گــه‌نم و جۆی ســاڵی داهاتــوودا قــه‌رزه‌که‌ت بده‌مه‌وه » .

حاجی ئیبراهیم له‌وه و پێش ئه‌م پیاوه‌ی نه‌دیبوو و نه‌ی‌ئه‌ناسی ، به‌وه‌دا پیاوه‌که بــه بۆنه‌ی کوڕه‌کــه‌یه‌وه خۆی پێ ناساند .. وه تێ گه‌یشت ئه‌م پیــاوه زۆر لــێ قه‌وماوه ، بۆیه هه‌ڵسایه‌وه و لــه قاسه‌که‌یدا پاره‌که‌ی بۆ ده‌ر هێنــا و بۆی ژمارد و دایــه ده‌ستی و له ده‌فتــه‌ری حیساباتدا پاره‌که‌ی تۆمار کرد ..

که‌سێ نه‌بوو لــه نێوانیاندا تــا لــه دواڕۆژا شاهێد بــێ ..

کابرا سوپاسی حاجی کرد و مه‌منوونیه‌تی خــۆی

ئەزانـد ، وە بەوپـەڕی سـووریـەوە دەری بڕی بـا کو پیالەیەك بڕوسێ و بـە دەستی حاجیەوە بێت ، بەڵام حاجی ئەمەی نەویست و وتی

« ئەرکی سەرشان سوپاسـی ناوێت .. خـوا لـە نێوانماندا بێت ، کـە خۆی چاکترین پشت و پەنایـە و چاکترین شاهێد و ئاگادارە » .

دوای ساڵێك وە یان زیاتر حاجی ئیبراهیم بە هۆی وەستانی دڵیـەوە مرد و ژنەکەی و چوار منالی لـە دوا بەجێ ما کە گەورەترینی مناڵەکانی سیانزە ساڵان بوو..

(٢)

دوای تـەواوبوونی تەعزیـە و بەسـەرچوونی ماوەیەك ژنەکەی حاجی ئیبراهیم ، بە یارمەتیی برایەکی پارێزەری ، کەوتە پشکنینی دەفتەر و تۆمارکراوەکانی مێردەکەی تـا مافی مناڵەکانی نەخورێ و فەوزر و قۆڵەیان نەفەوتێ ، بەمە هەرچی پارە و سامانێکی مێردەکەی بوو بەلای خەڵکەوە هەمووی زانیی و بە ژیرانە دەستی کرد

بە وەرگرتنەوەی •• یەکێ لەو قەرزانە ئەو هەزار و پێنج‌صەد دینارە بوو کە حاجی ئیبراهیم بە سەنێکی فراوانەوە لە بەر رەزامەندیی خوا دای بە (•••••)•
ژنەکەی پەلەی نەکرد تا چەند مانگێ بە سەر مردنی مێردەکەیا تێ پەڕین ، ئەوسا ناردیە لای و داوای قەرزەکەی لێ کرد ••

کابرای قەرزار کەوتە ملبادان و دەری بڕی هیچ فەرزێکی مێردی ئەوی بە لاوە نیە و ئەوەی کە نووسراوە ، حاجی لە بیری چووە بی کوژێنێتەوە ، ئەگینا قەرزەکەی داوەتەوە پێی ••

ئەم دەنگ و باسە کەوتە گوێی خەلکیی •• لەوە و پێشیش هەندێکیان بیستبوویان کە حاجی ئیبراهیم هەندێ پارەی بە قەرز داوە بە (•••••) • ئەویش پێی راگەیاندن بەڵێ قەرزار بووە ، بەلام قەرزەکەی داوەتەوە ، خۆ ئەگەر قەرزار بوایە ئەوا کەس و کاری حاجی لە ناو دەفتەر و سجیلاتەکانیا کومپیالەیەك وە یا هیچ نەبێ پارچە کاغەزێکیان ئەدۆزیەوە ••

دەر و دراوسێ هەر یەکە بە جۆرێ ئەم هەڵوێستەی لێك ئەدایەوە .. هەر یەکە بـە گوێرەی ئـارەزووی دەروونی قسەی ئەکرد :

هەندێکیان هاتنە سەر ئەو رایە کەوا کەس و کاری حاجی راست ئەکەن و پشتگیریان لێ ئەکـردن ، وە ئەوەیان لە یاد بوو کەوا حاجی لە بەر رەزامەندیی خـوا پارەی ئەدا بـە قەرز بـە خەڵکیی بـە بێ ئـەوەی هیچ جۆرە نووسینێك وە یـا سەنەدێك لـە نێوانیاندا هەبێ .. بەڵام هەندێکیان بوونە پشتگیری (.....) کـــەوا عـەقـل وەری ناگـرێ حاجی ئیبراهیم پـارە بـدا بـە (.....) بـە قـەرز بە بێ سەنەد و کومپیالە .

کابرای قـەرزدار لـە سەر ملبادانی خۆی بەرزور بوو .. ژنـەکـەی حاجی ئیبراهیـم ناچـار بوو لـە پیاوماقووڵانی گەڕەك داوا بکات بەشکوم تێی گەیەنن ، خوا هەڵ ناگرێ ، ماڵی هەتیوە ، بۆ ئەو ناشێ بیخوات،

مالی کێ بۆ کێ حەلاڵە .. حاجی پیاوەنیی کردووە و لە تەنگانەدا فریای کەوتوە .. دەرو دراوسێ زۆر هاتن بە دەوری (....) دا کەچی هیچ سوودی نەبوو.. دڵەکەی زۆر لە تاشەبەردی رەقی شاخەکان رەقتر بوو ..

(٣)

چار نەما (....) بە هیچ کەس نەخووسا ، جا وەکو وتوویانە ، دوایین دەرمان سووتاندن و لە ئوتوودانە ، ئەوانیش ناچار بوون دادگا ئاگادار بکەن و گرێی نێوانیان بە دەستی ئەو بکەنەوە .

زنەکەی حاجی ئیبراهیم برا پارێزەرەکەی کردە وەکیلی خۆی تا شکاتی حاڵی خۆی و لاریی بەرامەرەکەی بگەیەنێتە دادگا .

رۆژی دیاریی کراوی دادگا هاتە بەرەوە و تاوانبار ئامادەی مەحکەمە بوو .. گاڵتەی بە دنیا ئەهات .. دادگا چیە ؟ بە بێ بەڵگەو شاهێد چیان پێ ئەکرێ ؟

خۆیـان داندوو ەکەن •• کوڕە چاکتر ، با خەڵکیش ئیتر دەمیان بودستێ لە باس و خواسم و بلێن حاکمیش لێی نەسەند ، کەواتە قەرزار نیـە •

ئادەمیزاد ئەگەر خوای لـە بیر چۆوە ، ئای کـە سەرسەخت و کەللە شەقە •• ئای کە لە خۆی بایبە •• ئای کە هەموو کەسێ بـە مێشوولە ئەزانێ ••

قوربان بەسەر •• بە خوا دامـاون •• بە تەمـان کۆڵ بـە من بـدەن و قسەم بخەنە زەویی •• خەیاڵی خـاو ئەکەن •

حاکـم پیـاوێکی تێگـەیشتوو بوو حاجـی ئیبراهیمی چاك ئەناسی ، وە لە قوڵایی دڵیـا بڕوای وا بوو حاجی ئـەو پارەیـەی دابێ بـەو پیاوە و ئێستەش قـەرزەکەی هەر بـە لاوە بێ •• ئـەیزانیی حـاجی و ماڵ و منالی ناچن بە لای ساختە و گزیی کارییدا ••

بەڵام چی بکا قـەزیـەکـە هیچ بەڵگەیـەك وەیـا سەنەدێك وەیا شاهێدێکی نیـە جگە لەو تۆزە نووسینەی ناو دەفتەری قـەرز و قۆڵەکەی کە ئەویش بەس نیـە بۆ

ـەلمـا ندنی ••

ئینجا تاوانبار خۆیشی دانی بـەوەدا ئەنـا کـە
رۆژێك لـە رۆژان ئەو هەزار و پێنج‌صەد دینارەی بـە
لای حاجی ئیبراهیمەوە قـەرز کردووە ، بەڵام دوای
سالێك پێی داوەتەوە و لـە بیری چۆە بی‌کوژێنێتـەوە ••
وە شاهێدیش نەبوو جگە لە تاقە پیاوێك ، ئەویش
تەنها هەژەندی ئیفادە دا کە بـە گوێی (•••••)ە وە
بووە ستایشی حاجی ئیبراهیمی کردوە لەسەر ئەوەی لە
پێناوی خوادا هەندێ قـەرزی داوەتێ و بەو بۆنەوە لـە
هەژاریی و بێ‌دەستیی رزگاری بووە •• بەڵام ئیتر لـە
بیری نەبوو پارەکە چـەندە و ئەو قسـەیەی کەی لـێ
بیسـتووە •

لـە راستیدا کێشەیەکی نادیار بوو •• لەو پەڕەیە
ئەچوو کە کەوتبێتە بەر پلاری رەشەبا و بـە ئارەزووی
خۆی یاریی پێ بکا ••

حاکـم زۆر حـەزی ئەکرد بگاتـە ئـەنجامێکی
دادپەروەرانـە ، بۆیە هەوڵی ئەدا تاوانبار دان بنێ بـە

راستیدا ، کەچی بۆ هەر پرسیارێ تەڵەکەیەکی بەکار
ئەهێنا و خۆی لـە وەڵامدانـەوە و روون کردنـەوەی
ئەدزیەوە •• کورتە کەی لەو پیاوانە نەبوو راستبی لێ
دەر بهێنرێ •• بۆیە حاکم ناچار بوو بە پێی « البینـة
علی من ادعی ، والیمینُ علی من انکر » بجووڵێتـەوە ،
کە یـا ئەبێ کەس و کـاری حاجی ئیبراهیم شـاهێدی
رێك و پێك بێنن وە یا تاوانبار سوێند بـە قورئان بخوا
کـە ئەو قـەرزەی بـە لاوە نیـە ••

حاکم رووی کردە تاوانبار وپێی وت

ئایا سوێند ئەخۆی بـە قورئانی پیرۆز کـەوا تۆ
ئـەو پارەیە و پارەی تری حاجی ئیبراهیم قـەرزارنیت و
هـەر قـەرزێکت بـە لاوە بوە پێت داوەتەوە ؟

وتی : بەڵێ •

حاکم ناچاری ئەوە بوو سوێندی تاوانبار بدات و
ئەویش بێ پەروا لە قورئانەکە چوە پێشەوە و سوێندی
خوارد ••

چـۆن وێرای ؟

جا بۆچ نەوێری ؟

ئەی قورئان فەرمانی نەداوە ماڵـی هـەتیو زەوت نەکرێ و ئەویش ئەم فەرمانەی پشت گوێ نەخستووە ؟

یەکێ لە قورئان ئەترسێ و بە ناڕەوا سوێندی پێ ناخۆا مل کەچی فەرمانەکانی بێت ..

یەکێ لـە بەردەم قورئانا شەرم ئەکا ژیانی لـە سـەر خواپەرستیی دا ڕێژرا بێ ..

ئای چەند زۆرن ئەوانەی لە دەفتەر نفووسەکەیانا بـە موسـڵمان تۆمار کـراون ، کـەچی هیچ شـەرم و شۆیەك لـە قورئان ناکەن و هیچ ڕێزێـکی بۆ دا نانێن ، بەڵکو بگرە هەر ڕقیشیان لە قورئان و لە شوێن کەوتوانی قورئـانە ؟!

کە شاهێد نەبوو و تاوانباریش سوێندی خوارد ، دادگا ناچارە بـە بێتاوانی دەر کا .. بەڵێ ، بە بێتاوان دەر چوو !!

ڕەنـگی هاتەوە سـەر خـۆی .. هەناسـەیەکی حەسانەوەی دا .. بەرەو دوا گەڕایەوە و بـە سـەری

بەرز و دڵی پڕ لە ئامادمانیی و فیز و دەمارێکەوە زووری حاکمی بەجێ هێشت .. پێکەوتوو بوو.. باڵابەرزێکی لەش‌ساغی هەڵکەوتوو بوو .. ئەوەندەش تەمەنی بە سەر نەبرد بوو تا گەنجێتیی پشتی لێ هەڵ کا ..

هەر ئەوەندە بوو دادگای بە جێ هێشت لە گەڵ ئەوانەدا کە هاتبوون لە گەڵیا ، گاڵە و دەنگە دەنگێك لە دەرەوەی دادگا دروست بوو .. ئەوەندە دەنگە دەنگەکە بەرز بوو حاکمیش لە زوورەکەی خۆیدا هەڵسا و هاتە دەرەوە بزانێ چی رووی دا ..

حاکم سەری سوڕ ئەما ..

چی ئەبینێ ؟!

بە خۆی وت

خۆ ئەمە تاوانباری سوێن‌خۆرە !

ساتێك لەمەو بەر لە بەر دەمما بوو ..

لەش‌ساغ ..

گەنجێکی پێکەوتوو ..

پیاوێکی رێك و پێك ..

ئەمە ئەوە وائێستە درێژ لەسەر زەویی راکشاوە ؟
وا چاوی زاق بووە ؟
وا دەمی داچەقیوە ؟
وا رەنگی زەرد هەڵ گەڕاوە ؟
وا تەختی زەویی بووە و گیانی دەر چووە ؟
بەڵێ ، وەك درەختێکی پیسی بێکەڵك کە زەویی نەی گرێتە خۆ و ریشکی را گیر نەکا ، کەوتبوو ، هەڵ کێشرا بوو .. بێگیان کەوتبوو ..
خوایە هەر خۆت خوایت ..
هەر خۆت دەسەڵات داری ..
ئەوانەی لە دەوریا وەستا بوون باش سەرنجیان دا ، بۆیان دەرکەوت تەواو بووە ، گیانی دەرچووە .
قاڵی بڕایەوە ..
بەڵام بە سووکیی و سەرشۆڕیی ..
خۆی لە قووڵایی دڵیا ئەیزانیی بەناڕەوا پارەی ئەو هەتیوانە زەوت ئەکا .. بەڵام چۆن ؟ بە سوێندی ناڕەوا ..

قورئان فەرمایشتی پەروەردگارە .

کێ ئەتوانێ بە بێڕێز سەیریشی بکا ، چ جـی سوێند خواردن پێی بـە ناڕەوا ؟

زۆرەان دی لەوانەی بە بێڕێز ناوی قورئانیـــان ئەبرد و رقیان بوو لـە هەڵگرانیشی ، سـەرەنجام بـە رووی رەشەوە سەریان نایەوە .. ئەو دنیایەی کە بریتیە لـە دوو رۆژی مەینەتیی ، ئەو دنیایەشیان لەکیس چوو .. بە شێوەیەك لـە ناو چوون بنـە پەند بۆ کەسانی تر تابزانن ئەمە تۆڵەی ئەوە بوو کە دژایەتییان لەگەڵ رێبازی قورئاندا کرد .. دژبە هەڵگرانی ئەجووڵانەوە ..

(٤)

موسڵمانێك کە دراوسـێی حاجی ئیبراهیم بوو و ژنەکانیشیان بەخزمایەتیی بـە یەك ئەگەیشتن ، سـەر ئەدا لـە ماڵی حاجی تـا لـە ژنـەکەی ئـەم چیرۆکـە ببیستێ ..

ئەویش بـە وردیی بۆی گێڕایەوە . لـەپێشـەوە

هەلویستی حاجی ابراهیم بەرامبەر بـە دراوسێکانی بـە تایبەتیی و بەرامبەر بـە خـەلـکیی بە گشتیی •• کـە هەمیشە پیشەی وا بووە پارەی داوە بـە قەرز و تەنهـا لـە دەفتەرێکی تایبەتییدا تۆماری کردووە و هیچی تر•• جا ئەی‌وت منیش هەموو جارێ لە سەر ئەوە لۆمەم ئەکرد و ئەویش ئەی‌وت سامان سامانی خوایە ، وە من ئەوسا هەژار بووم و خوا دەوڵەمەندی کردم ، وە هەتیو بووم و دالـدەی بۆ ناردم ، بۆیـە هەرگیز دڵی هیچ هەتیوێك ناشکێنم و دەست نانێم بـە رووی هیچ داماوێکەوە •• وە هەموو جارێ کۆتایی ئەهێنا بە وتەکانی و ئەی‌وت

« خۆزگە لـە هەموو قەبرێکا قەرزێکم بوایە

ئەو رۆژەی کە دیاریی کرا بوو بۆ لێپرسینەوەی تـاوانبار لـە بـەردەم دادگادا ، ژنـەکـەی حاجـی ئیبراهیمیش ئـامـادە بوو •• ئـامـادە بوو تـا بزانـێ هەڵویستی تاوانباری سپڵەی بەدنمەك چۆنە بەرامبەر بە هەتیوەکانی حاجی ئیبراهیم •• ئـامادە بوو تـا بزانـێ بریـاری دادگـا چۆنـە •• چـاك گوێی گـرتبـوو بۆ

پرسیارەکانی حاکم و ئیفادە لار و وێرەکانی تاوانبار ..
بە دڵێکی پڕ لە ئیمانەوە ئەیزانی پەروەردگاری مەزن
چاو و گوێی لێیە .. ئاگادارە .. دادپەروەرە .. مافی
کەسی بە لاوە نافەوتێ ..

شایەت نەبوو .. تاوانبار سوێندی خوارد ..
حاکمیش بە بێتاوان دەری کرد .. دادگای زەویی
چەندە دادپەروەر بێ لەوە زیاتری لێ نایە ..

کاتێ کە تاوانبار سوێندی خوارد مووچرکەیەك
هات بە لاشەی ژنەکەی حاجی ئیبراهیمدا .. بڕوای
لە سەر ئەوە بوو بە درۆ سوێندەکەی خوارد ..
بێئەدەبیی کرد لە خزمەنی قورئانی پیرۆزا ..
خۆشویستنی ماددەش بەو ئەندازەیە ؟ چۆن مرۆڤێکە ؟
موسڵمان چۆن ئەوێرێ بە نیهادی پیسەوە روو بکاتە
خەڵاتی ئاسمان و بەرنامەی سەرزەویی ؟!

ژنەکە بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە لە کاری نەشیاوی
تاوانبار هەر لەژووری حاکمدا سەری بەرز کردەوە بۆ
ئاسمان و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ خوای بەدەسەڵاتا :

حاکمی ئاسمانەکان و زەویی دا بمالێ ‎٠٠‎ وە ئەو بە هەڵە ئەو زۆرانبازیەی لێك ئەدایەوە ‎٠٠‎ وای ئەرانی لە گەڵ کەس و کاری حاجی ئیبراهیمدا زۆران بازیی ئەکا ، جا بە بەزاندنیان پارەکەی پێ ئەبڕێ و بێخەم ئەی خوا ، لە بیری چوو بوو ئەمە بەرامبەر وەستانە لەگەڵ ئەو خوایەدا کە بە هیچ شێوەیەك چارەی ستەم ناڕەوای ناوێ و هەرگیز پیاوی درۆزنی خۆش ناوێت :

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ الزمر

چونکە مۆسڵمان هەموو شتێکی لێ بوەشێتەوە نابێ درۆی لێ بوەشێتەوە ، بە تایبەتیی درۆیەکش سوێند خواردن بێ بە قورئانی پیرۆز !!

(٥)

لە شەوێکی زیقەتی پڕ لە سەرما و سۆڵەی زستانا ، لە کاتێکا کە باران بە خوڕەم ئەهاتە خوارەوە و وەشەبا ئەیلووراند و هەموو کەسێ بە توندیی

خوایە ، خۆت ئاگاداری هەموو ئاشکرا و نهێنییەکی .. خۆت ئاگاداری غەیبی .. ئەگەر (.....) درۆزنە و ئەم سوێنەی بە درۆ خوارد بە قورئانی پیرۆز بی کەیتە پەندی بەرچاوی خەڵکی ، ئەی خوای خاوەن هێزو دەسەڵات ..

کاتێ کە تاوانبار ئەیویست بە فیز و دەمارەکەوە زووری حاکم بەجێ بێڵێ ، ژنەکە هەر تەماشای ئەکرد .. سەیری تاوانباری ئەکرد .. سەیری بێویژدانی ئەکرد . سەیری لەخوانەترسی ئەکرد .. تا ئەوە بوو دوای چەند هەنگاوێك قورئانی پیرۆز کاری خۆی کرد و تاوانباری دەستنیشان کرد .. بەڵام چۆن دەست نیشانکردنێك .. بەو شێوەیەی ئەوانەی دەوروبەری بەخێراترین کات بە چاوی خۆیان بی بینن و هەزارەهای تریش بی بیستن ..

تاوانبار بەزمانی لووس و خۆشاردنەوە لە وەڵامی پرسیارەکانی حاکم توانیی لە چنگی دادگای زەویی رزگار بکا ، بەڵام نەیتوانیی خۆی لە چنگی دادگای

لیمەکەی ئەپێچا بە خۆیەوە و نەی ئەزێرا ساتێ جێلاکەی بـە جێ بهێلێ •• وە لە دەور و بـەری نیوەشـەودا ، زەنگی ماڵی حاجی ئیبراهیم لێ درا •• نـە جارێك و نە دوان •• بە گەرمیی دا گیرابوویەوە ••

وە لـە پشـتی دەرگاکـەوە ئافرەتێـکی سەراپـا رەش‌پۆش لەگەڵ کوڕێکیا کە تەمەنی شەش ساڵان بوو، وەستا بوو •• ژنەکەی حاجی ئیبراهیم دەرگای کردەوە بزانێ کێیە وا تەقە لـە دەرگا ئەدا ، سەیری کرد ژنـی (••••••) ە و کوڕە تاقانەکەی وا لەگەڵیا ••

بـە ژنەکەی حاجی ئیبراهیمی وت

« مێردەکەم دانی نەنا بەوەدا کە ئـەو قـەرزاری حاجی ئیبراهیمە ، بەڵام من خۆم ئەزانـم درۆزن بوو ، وە تکایشـم لـێ کرد کـەچی قـەرزی وا بە سـەرەوە بیداتـەوە ، وە چەند جار تکاکەم دووبارە کـردەوە و زۆری لێ پاڕامەوە ، سوودی نەبوو و کەوتـە شـوێن هـەوای کەللەی و ملی گومڕایی و سەرلێ شـێواویی

گرتـە بەر •• بەراستیی مێردەکەم ئەو درۆیەی چـاك بژاردەوە •• وە زۆریش لـران کـەوت بۆی •• وە ئەوەش ئەو پارەیەیە کە قەرزاری مێردەکەت بوو » •

توورەکەیەکی هەڵ دا بۆ ژنەکە کـە هـەزار و پێنج‌صەد دیناری تیا بوو ، ئینجا بـە پەلە بەشوێن خۆیـا گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و کوڕەکەشی بـە شوێنیا •• ئەوەندە خێرا گەڕایەوە ، نەی هێشت ژنەکەی حـاجی ئیبراهیم دوو لێوە بکاتەوە ••

ژنەکەی حاجی ئیبراهیم هەڵوێستەکەی بـە لاوە زۆر سەیر بوو •• لە دەرگاکەدا وشك وەستا بوو •• سەیری دایك و فرزەندەکەی ئەکرد کە بەو بارانـە و بـەو تەڕ و تووشییە بە پەلە هەنـگاویان ئەنـا •• هـەر سەیری ئەکردن تـا بەرە بەرە چوون بـە ناو تاریکییا و لـە چاو ون بوون ••

ئەویش گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی •• بەبـێ دەنگ ، بـە بێ چرپە •• خەوی لێ زڕا •• ئەوەی کە

تاقەتی بوو خوڕەی بـاران و لوورەی رەشـەبای توند و تیژ بوو ..

(٦)

موسڵمان کە لـە هەڵـوێسـتی (.....) ورد ئەبێتـەوە سەری سوڕ ئەمێنێ

چۆن ویژدانی هەڵی ئەگرت حاشا بکا لە قەرزی ئەو دەتیوانە لـە کاتێکا تـا حاجی ئیبراهیم خۆی مابوو بـە تەما نەبوو حاشای لێ بکا ؟

دیارە لـە بەر ئەوە نەبوە کە پارەی لە دەستا نیە ، چونکە ئەوەتـا دوای مردنی ژنەکەی قـەرزەکـەی بۆ ئەداتـەوە ..

ئەمە ئەوپەڕی بێ‌ئیمانیی و بێ‌متمانەیە .. ئەگینـا خـوا خـۆی هەموو قـەرزێك بـار ئەکا ..

خـوای گـەورە زۆر بـە رەحمە .. چاوی لـە هەموو کەسێکە .. بەڵکو چاوی لـە هەموو شـتێکە .. چـاوی لـە مێرووولەیەکە لـە ناو بەردێکی ناوەڕاسـتی

دەریای سوێردا •• رزق و رۆزیی ئەنێرێ بۆی ، بـە شێوەیەك كە بیری خۆیشی بۆی نەچێ !!

بەڵام چی ئەكەی ئەوانەی چاویان زاق كردووە و بـە هیچێ لـەم دنیا بێوەفـایە تێر ناخۆن ؟ لـە جیاتی ئـەوەی كاسپیی حەڵاڵ بگرنـە بـەر و پشت بـە خوا بەستن ، دەست ئەدەنـە ساختەكەریی و دەست بڕینی ئـەم و ئەو لـە ئەنجامیشا بـە سووكیی سەر ئەنێنەوە••

زۆر حەیفە بۆ ئادەمیزاد ـ كە خوا هۆش و ژیریی پێ بەخشیوە ـ شەرم و حەیای خۆی نەپارێزێ•• رێزی خۆی نەزانێ •• بۆ ماددە خۆی ریسوا بكات •• مـاڵ و سامانی خەڵك بخوا و بە ئازایەتیی بزانێ ••

ئەی لە جیاتی ئەوانە بۆچ داوای كۆمەكیی لە خوا نەكات ؟ بۆچ متمانە بە خوا نەكات و هـەموو بەخشش و لێهاتنێكی لەوەوە نەزانێت ؟

لـە مێژووی دوور و درێژی ئادەمیـزادا كێ بـە دەستبڕین و خراپكاریی بردوویەتیەوە ؟

چ پیاوخراپێك ڕەنگ زەردیی دنیا و قیامەتی بە سەرا نەداتووە ؟

پێویست ناکا بۆ دنیا ئەوەندە ملکەچ بین •• دەستخستنی دنیا بە حەرامیی سەرشۆڕیی وا بە شوێنەوە ••

لە جیاتی ئەوە وا چاکە ئیمانمان بە خوای پەروەردگار هەبێ و متمانەی پێ بکەین ، تا خوا کۆمەکمان بێت ، نەك تەنها قەرزمان بۆ بدانەوە ، بەڵکو سەربەرزیی دنیا و قیامەتمان دەست خات ••

ئەمەیە ڕێگای ڕاست •• ئەمەیە مایەی سەرفرازیی •• چی ئەکەی : « ولکن اکثر الناس لا یعلمون » •

دەستی پەروەردگار

(٩)

ریسواکردن

(١)

باران بە خوڕەم ئەهاتە خـوارەوە ٠٠ شەوێـکی یەکجار تاریك بوو ٠٠ نیوەی شەو تێ پـەڕی بوو ئەوە بوو لـە جەرگەی حەوشەکەدا دەنگێك هـات ٠٠ گریانی منالێـکی شیرەخۆرە بوو ٠٠ بـە دەنـگێـکی زولاڵـەوە ئەگریـا ٠٠ پەلـەقاژەی ئـەکرد ٠٠ دادی ئەکرد ٠٠ دیاربوو ماوەیـەك بارانی بـە خوڕەم لێی دا بوو ٠٠ بێشکە و جل و دۆشەکەکەی خووسا بوون ٠٠ ئەم منالە ساوایە بەم نیوەشەوە چیی ئەکا لـە جەوشەدا و لـە بەر باران و زوقمدا ؟

بە دەنگی منالەکە دایـکی بـە خـەبەر هات ٠٠ ژوورەکـە زۆر تاریـك بوو ٠٠ وایزانـی کۆرپـە شیرینەکەی وا لـە پالیـا ئەگریێ ٠٠ منالەکە ماوەیەك بێدەنگ بوو ٠٠ دەستی بـە ئەسپایەکەوە درێژ کـرد بۆ لای بێشکەکەوە ، کەچی بەردەستی نەکەوت ٠٠ بە هەموو لایەکا هەولی دا دەستی بەری کەوێ و بزانـێ

جگەر گۆشەکەی بۆ ئەگری ، بەڵام بێ هوودە بوو ..
ناچار بوو مێردەکەی بەخەبەر کاتەوە تا ئەویش بزانێ
وا منداڵەکەیان نیـە لـەژوورەکەدا .. هـەردووکیـان
حەپەسان چیی بەسەر هات ؟ بۆ کوێ براوە .. لـەم
سەرسوڕمانـەدا بوون جارێـکی تر گریـەی منداڵـەکە
کەوتەوە گوێیـان .. باش وردی دەنگەکـە بوونـەوە
بۆیـان دەرکەوت وا لـە حەوشەکەدایە و بە هەنـاسـە
بڕکێوە ئەگری ..

ئەم ژن و مێردە گەنج بوون و تەنها ئەو کۆرپەیان
هەبوو .. لەو حەوشـەدا تاقە ژوورێـکیان بە کـرێ
گرتبوو و نیایـا بەوپەڕی رێز و بەختیارییەوە ژیانیـان
ئەدایـە سەر .. پیاوەکە رۆژ تـا ئێوارە کاری ئەکرد..
زیر و خاوەن سەلیقە بوو .. خوای گەورە رۆزیی بـە
سەرا رژاندبوو .. بەشی خۆی و خێزانەکەی ئەکرد و
لێشی ئەمایەوە .. ئەمەش لـە بەر ئەوە بوو پیاوێـکی
خواناس و رەوشتبەرز بوو .. کە ئێواران لـە ئیشی و
کار ئەگەڕایەوە ، بـە روویەکی گەشـاوەوە ئەچـووە

ماڵەوە و دوای کەمێ پشوودان و حەسانەوە و خۆ ئۆرپین بەرەو مزگەوت ئەکەوتە رێ تا بە دیمەنە پڕ دەوشتەکانی مێشك و دڵ و دەروونی بحەسێتەوە و دەست بە فێنلیی بکات و لە بەر دەم پەروەردگارا بحەسێتەوە •• لە مزگەوت ئەمایەوە تا هەردوو نوێژی ئێوان و خەوتنان لەوێ بە کۆمەڵ بەجێ بێنێ و یاد و ذیکری خوای پەروەردگار بکاو سوپاسی بێپایانی بکا و لێیشی بپاڕێتەوە تا لە گوناه و تاوانەکانی خۆش بێت ، لە لایەکی ترەوە تا چاوەکانی بە بینینی براکانی بڕەژێ و ۆخەی بکات کە سەرانسەری سەرزەویی پڕیەتی لەم جۆرە برایانە و قوتابخانەکەی پێغەمبەری خوا ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ هەزار ساڵ زیاترە سەربازی بە وەفا و پیاوی خواناسی چاکویست پەروەردە ئەکات •• ئینجا دوای تێر کردنی گیان و دڵ و دەروونی ئەگەڕایەوە ماڵەوە تا لەگەڵ هاوسەری دڵسۆز و بەوەفایا نانی ئێوارە بخۆن و سوپاسی خوا بکەن لەسەر بەخششی ئیمان و رزق و رۆزیی حەڵاڵ ••

ئینجا ئێواره زوو ئەخەوت تـا بەیانیی زوو لـە خـەو هەڵسێ و بچێ بە دەم کارو باریەوە ..

ئەو حەوشەیەی ئەوانی تیا ئەژیان خانوە شڕۆڵەی بێوەژنێ بوو کە مێردی مردبوو و ئەو خانوەی بۆ بەجێ هێشتبوو .. لەو مێردەی کوڕێکی هەبوو کە لە تەمەنی هەرزەکاریا بوو و هەرچی پێی بڵێی خـوو و ڕەوشت پێوەی نەلکا بوو .. ڕێگای شەیتانی گرتبووە بەر و بـە جارێ خواناسیی و کردەوەی چاکی نابووە ئەو لاوە ، یەکێ بوو لەو نەفامانەی کە باوەڕیان بە قیامەت نیـە و بـەو بۆنەشەوە لەچاك و خراپ و حـەڵاڵ و حـەرام وشیاو و نەشیاو ناپرسنەوە . تەواو سەرگەردان بوو بـە شێوەیەك عەیبەو شوورەیی بـە لاوە نەبوو .. بە جارێ دەستی لـە خۆی بەر دا بوو ..

دایکی لـەبەر بێدەرامـەتیی ناچار بوو هـەندێ لەژوورەکانی بدا بـە کرێ بە چەند خێزانێك و تەنهـا ژوورێکی هێشتەوە بۆ خۆیان ، ژوورەکان زۆر ڕێك و پێك نەبوون ، بۆیـە چەند خێزانێـکی مام ناوەندیی بـە

کرێیان گرتن • لـه پاڵ کرێی خانـووەکەیدا هـەڵ ئەسا بە پاك وخاوێن کردنی حەوشەکە و بە ئاوی سازگار کووپەکانی بۆ پڕئەکردن تـا شتێـکی زیاتری دەسـت کەوێ ، بەمە ژیانی خۆی و کوڕەکەی مسۆگەر کـرد بوو •

بەڵام کوڕەکەی لـە بەر بێ خاوەنیی و لـە بـەر ئەوەی کەسێك نەبوو رێگای راستی پیشان بدا ، دەستی دایـە گومڕایی و کردەوەی ناپەسەند ، تـا سەرەنجام سەری لـە مەیخانەوە دەرچوو •• وە هەرچی جارێ پارەی تەواو بوایە، یان بـە پاڕانەوە پارەی لـە دایـکی ئەسەند ، وەیا بە دزە دەستی ئەگەیاندە پارەکەی دایکی و خۆی ئەگەیاندە هاوڕێ چەوتەکانی ••

یەکێ لـە کرێ چییەکانیان ئەو خێزانە بوو کـە سەرۆکەکەی پیاوێکی خواناس و پیاوچاك بوو •• جـا لـە بەر ئەوەی کاری ئەکرد و هێشتا خێزانێکی گەورەی نەکەوتبوو بە سەرا ، هەندێ پارەی پاشەکەوت کـرد

بوو ، تا بۆ دوا رۆژ کەڵکی لێ وەر بگرێ •• وە لە ناو ئەو سەرینەدا هەڵی گرتبوو کە شەوان ئەیخستە ژێر سەری ••

رۆژێ لە رۆژان ئەنجی بەرەلاّ خۆی لە خێرانی دراوسێ داگرت و گوێی لە وت و وێژی نێوان ژن و مێردەکەوە بوو لەبارەی ژمارەی ئەو پارەوە کە لە ناو سەرینەکەدا هەڵیان گرتووە ••

کە ئەمەی بیست بڕیاری دا بە هەر شێوەیەك بووە ئەو پارەیە بخاتە دەستی خۆی و چەند رۆژێ پێی را بوێرێ ••

مرۆڤ کە بە پەروەردەی خواناسیی گەورە نەبوو بە تەمای لەوە خراپتریش بە لێی بوەشێتەوە ••

خەمیەتی خوای لێ بڕەنجێ ؟

خەمیەتی خەجاڵەتی دنیا و قیامەت بێ ؟

بۆ ئەم دنیا هەر زوو پەردەی شەرم و حەیای دڕاندووە و باکی نیە هەرچی بێتە رێ و هەرچۆن باس بکرێ •• بۆ قیامەتیش بڕوای نیە ، رۆژێکی وەها

بۆ داد و یەکسانیی بێتە بەرەوە ..

رەنگە یەکێ بڵێ

دەردی نەخوێندەواریە وا مرۆڤ لە تافی لاویـدا بیر لە دزیی بکاتەوە .

ئەوەی وابزانێ بەخوێندەواریی و وەرگـرتنی زانیاریی ماددیی ، مرۆڤ پەروەردەی چاك وەر ئەگرێ، بە هەڵەدا چووە ، لـە پاڵ ئەوەدا تەواو بێ ئاگایە ..

چونکە ئەگەر وا بوایـە ئەبوا هەرچی کاربەدەستی خوێندەوار هەیە ـ بە تایبەتیی گەورەکانیـان ـ بە هیچ شێوەیەك نزیکی دزیی و ناپـاکیی و بـەرتیلخـواردن نەکەوتنایەتەوە ..

جا ئـەوەی تۆزێ سـەرنجی دابێ ئـەزانێ دز و دەستبڕ و جـەردەی وڵات ئـەوانـەن .. هـەزار و داماویش وا ئەزانن خزمەت ئەکەن ..

لەوانەشە بپرسن

ئەی چار چییە ؟ وەی لە نەخوێندەواریی و وەیش لـە خوێندەواریی ..

ئەڵێین مرۆڤ بۆ زانین و زانیاریی دروست کراوە تا بتوانێ جێنشینێتیی خوا بکا لە سەر زەویدا ، بەڵام بە دڵ و مێشکێکی پڕ لە باوەڕەوە بە خوا و بە زیندوو بوونەوەی قیامەت .. تا ترس و شەرمی ئەو رۆژە لە خراپە بی گێڕێتەوە و بەرە و چاکە بکەوێتە رێ ..

(٢)

هەرزەکاری نەفام بڕیاری دا بە هەر رێگایەك بووە پارەی ئەو خێزانە بەستەزمانە دەست خۆی بخات ، ئیتر بیری لەوە نەئەکردەوە ئەم خێزانە دراوسێیەتی و بۆی نیە هەرگیز زیانی پێ بگەیەنێ ..

وە بیری نەئەکردەوە ئەو کارە زۆر ناشیرینە و شیاوی شانی مرۆڤ نیە .. وە ئەگەر پێی هەڵسێ لە هەردوو جیهانا تۆڵەی لێ ئەسەنرێت .

بەڵام کە مرۆڤ ئاینی بە لاوە نەما ، دەستی لەرەوشت شۆریی ، ترسی خوا لە دڵیا نەما ، کەی

لەدزیی و جەردەیی سڵ ئەکا ؟ کەی بە تەنگ خوێن و شەرەف و سامانی خەڵکەوە ئەبێت ‥ ئاواتە خوازە هەموو دنیا بکاتە قوربانی ئارەزووە شەیتانیەکانی ‥

گەنجی بێویژدان وەك هەموو رۆژێك بەرەو مەیخانە کەوتە رێ تا هاوشانە رەوشت نزمەکانی بەسەر کاتەوە و چەند ساتێ لە گەڵیانا ژیانی تاوانباریی بداتە سەر ‥

گەیشتە مەیخانە و لەگەڵ هاوەڵی دۆزەخیا دەستیان کرد بە خواردنەوە‥‥ یەکجار زۆری خواردەوە، بە رادەیەك تەواو مەستی کرد و دای لە کەللەی ‥ ئەوسا بە لارە و لەنجە لە نیوە شەوێکی درەنگا بەرە و ماڵەوە کەوتە رێ ‥

بە هەر حاڵ گەیشتەوە ماڵەوە ، بەرەو ژوورەکەی خۆی رۆیشت و چووە ژوورەوە ‥ ئینجا لەسەر قەرەوێلەکەی دانیشت ‥ هێشتا بەری نەدابوو ‥ پارەی ناوسەرینی ماڵە دراوسێکەی هاتەوە یاد ‥ دیارە دوای ئەوەی گیرفانی چۆڵ کرابوو و هیچ چارەیەکی تریشی نەبوو

بۆ پارە پەیداکردن ٠

باران زۆر بە خوڕەم ئەهاتە خوارەوە ٠٠ لە جێگەکەی خۆی هەلسا و بە پێخاوسیی و بە دزە دزە کەوتە رێ ٠٠ سەرنجی دا دانیشتوانی حەوشەکە هەموویان خەوتوون ٠٠ دنیا کش و مات بوو ٠٠ هەموو خێزانێ بۆ خۆی دەرگای ژووری خۆی گرت بوو ٠٠ نات ئەوت کەسێکی تیایە ٠٠ دەنگ نەبوو جگە لە دەنگی خوڕەی بارانەکە ٠٠ ئەو بارانەی کە بە خوڕە خۆشیی و حەوانەوە پێشکەش بە دڵ ئەکا ، هەروەك بە چاوەوە بێت کە رەحمەتی لەگەلا دێتە خوارێ ٠٠

بەرەو ژووری دراوسێی خاوەنپارە کەوتە رێ٠٠ دەستی دایە دەرگا ، دا نەخرا بوو ٠٠ ئۆخەی کەوتە دڵیەوە وەکو بڵێ لە شانسی منایە وا ئەمشەو ئەم دەرگایە دا نەخراوە ٠٠ هەر ئەبێ بۆم بگا ٠٠ پاڵی نا بە دەرگاوە کرایەوە ، بەلام کە دەرەوە ئەوەندە تارێك بێ چاو چاو نەبینێ ، دیارە ژوورەوە زیاتر ٠٠

بیری کردەوە تـا بزانێ بە چ شێوەیـەك دەستی بگاتـە پارەکە .

سەرینەکە وا لە ژێرسەری ژن و مێردەدا و ئەگەر دەستی بداتێ بەخەبەر دێن ..

کەوتە بیر کردنـەوە ..

ماوەیەك لەژووری تاریکدا وەستا ..

بـە تەمابوو نەخشـەیەك بکێشێ تاپێی نەزانن چۆن سەری ئەم ژن و مێردە لەسەر سەرینەکە لا چێـت ؟

هەر ئەوەندەی زانیی شـــەیتانی مامۆسـتای هاتە خزمەتی و تەگبیری بۆ کرد .

تەگبیر کەوتە مێشکیەوە کەوا یەك ڕێگا هەیە بۆ ئـەم کارە ..

ئەویش ئەوە بوو بێشکەی منالەکە بەرێتـە دەرەوە بۆ ناو حەوشەکە و لـەبەر باران دای بنێ تـا دایـك و باوکی بـە دەم گریان و هاواریەوە را کەن و سەرینەکە بەجێ بێلن و ئەویش بەو تاریکە پری بداتێ و بی دزێ..

بە بێدەنگ دەستی دایە بێشکەی منالی ساوا و بە بێ چرپە لە ژوور بردیە دەرەوە و لە حەوشەکەدا دای نا •

منالی ساوای بێتاوانی خستە بەر باران •

ئینجا گەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکە و لە سووچێکدا خۆی داگرت و چاوەڕوان بوو ژوور چۆڵ بکرێت و دەستی بگاتە سەرینەکە •

تاکە ئاواتی پارەکە بوو •• وە تەنها ئەوەندەی لێ نەبێ ، ئیتر مەترسیی تیا نیە ••

ئیتر نەی ئەزانی خاوەنی بوونەوەر ئاگای لێیە •• ستەم قبووڵ ناکا •• ساختە و گزیکاریی زۆر بە لاوە ناهەموارە و چاوپۆشییان لێ ناکا •

بوونەوەری لەسەر داد وەستاندووە •

نەی ئەزانی هێز هەیە چاودێریی هەنگاوەکانی بکا • کە سەیری ژن و مێردی خەوتوو و ساوای بێدەسەلاتی ئەکرد زۆر بە ئاسانی ئەزانی دەستی بگاتە

ئەو پارەیە و لە رێی عەرەق و قومارا خەرجی کا •

مرۆڤ کە خوای لە بیر چوویەوە زۆر داماو و رەنجەڕۆیە ••

نەگبەتیشی لەوەدایە خۆی بە ئازا و خاوەن مێشك و فێڵ و تەڵەکە ئەزانێ •

هەرچی کەسێ وەکو خۆی هەڵپەی ژیان و پەلەقاژەی چاوبرسییانە نەکا بە گێژی ئەزانێ

ئەوە بوو ژنەکە و مێردەکەی هەڵسان و بە پەلە چوون بە هاواری منداڵەکەوە •

تا ئەوان رایان کردە دەرەوە و گەیشتنە لای منداڵەکەیان دزیش خۆی گەیاندە سەرین و پارەی ناوی •• پڕی دایێ و خستیە باوەشی و توند گوشیی بە خۆیا ••

خۆشەویستەکەم ! ماوەیەکە چاوەڕوانتم بۆ درەنگ هاتتە باوەشم ؟

ماوەیەکە بە تەماتم بۆ درەنگ خۆت دا بە دەستەوە ؟

بەڵام هێشتا ترپەی دڵی ئەهات ••
تۆ بڵێی بچمە دەرەوە و پێم نەزانن ؟
تۆ بڵێی بـە ئارەزووی خۆم پێی لێ را کێشم ؟
بەڵێ ، هێشتا تەواو دڵی بێخەم نەبوو بوو ••
خوا چەندەها کەسی کردبێتە پەندی زەمانە و لـە سەر دزیی ئابڕووی بردبێ ؟

چەندەها کەس توانیبێتیان رەواج بـە خۆیان بدەن و زۆر بە زێڕیی خەریکی دزیی بووبن و هەوڵیـان دابێ زیریی و سـەلیقە بخەنـە کار کەچی دەستی رەنـگینی پەروەردگار ریسوای کردبن ؟

بەڵێ هێشتا سـەرینەکـە لـە بـاوەشـیا بوو و ئەیویست بـە دوو سێ هەنگاو ژوورەکە بەجێ بێڵێ و رزگاری بێ ••

هێشـتا ترپەی دڵی ئەهـات نـەوەکو پێی بزانن ، ترپەی ژوورەکە هات •
رزمەی سەربان هات ••

قرچەی دار و پردووی رزیو و تەپە و کرمەی خۆڵی سەربان ، کە زوربەی بە بارانی خوڕدم بوو بووە قوڕ ، هات و هاتە خوارەوە .. سەربان بووە سەربازێك لە سەربازەکانی خوا تا دزی دەروونلاری خوانەناس بکاتە پەند !!

سەربانی زوورەکە بەتەنها هاتەخوارەوە و بووە هۆی کوشتنی دزی ناپاك و سەرینی پڕ لە پارەش هەر بە باوەشیەوە بوو ..

هەروەها دزی خوانەناسیش بووە سەربازێك لە سەربازەکانی خوا و خۆی کردە کوتەکی ناو چاڵکاو تاخێزانی خواناس رزگار بێت !!

نەخشەی بۆپارە کێشا تا دەستی کەوێ ..

خوای گەورەش نەخشەی کێشا تا منالی ساوای بێتاوان و دایك و باوکی ئیمان داری خواناس بەدەستی ناپاك ، لەو چەند ساتە کەمەدا کە مابووی بۆ رووخانی زوورەکە ، بێنە دەرەوە و رزگاریان بێت ..

وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ الأنفال

وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ... ﴿٤٣﴾ فاطر

لـه كۆتـايیدا سوپاس و ستایش بۆ خـوای راگیرکەری بوونەوەر لە سەر داد و راستیی و هەزاران سەلامیش لـە سەر گیانی پاکی پێغـەمبەری پێشـەوای بانـگ کەر بۆ سەر رێبازی سەرفرازیی ..

ناوەرۆك

ئەم نامیلکەیە

● چوار چیرۆکی رووداوە کە پەندو ئامۆژگارین بۆ خواپێداوان ، تا بە جوانیی بۆیان دەرکەوێ و بە دڵ بڕوایان هەبێ خوای بەدەسەڵات بەستەم و ناپاکیی نەڕەنجێ و بە بێ پێویست هێزی ئەخاتە کار بۆ تۆڵە سەندن لە ستەمکاران و دەستدرێژیی کەران ..

● دەری ئەخا بۆ هەڵگرانی قورئان خوا راستیی ئەوێ و تا ئەوانیش چاکتر دەست بە قورئانەوە بگرن چاکتر خوای گەورە کۆمەك و پشتیوانیانە ..

نرخی (٤٥٠) فلسە